پەرتووک : ئاوازی مریشکەکان

نووسەر : سامان سالم

مژار : چیرۆک

بەگریان و پەژارەیەکی زۆرەوە سەرم لەسەر موبایلەکەم بوو. چاوەڕێی ئەوە بووم کە باران لەوە پەشیمان بێتەوە کە کەمێک بەر لەئێستا ئەنجامی دا، ئەویش ئەوەبوو کە بڕیاری دا. لەمن جیابێتەوە و بڕوا ، لەبەر ئەوەی کە کچێکی پوورزای لە بەڕیتانیایە بەڵێنی ئەوەی پێداوە کە ئەو(باران) ڕاکێشێت بۆ لای خۆی یانی لێرەوە بیبات بۆ بەڕیتانیا،

پێشتر باران ئەوەی بۆ باسکردبووم کە کچێکی پوورزای لەوێیە بەڵام نەمزانی کە بە دزی منەوە پەیوەندیان هەیە،

زیاتر لە کاژمێرێکە لە سەربانی ماڵی خۆمان چاوەڕێی نامەی پەشیمانبوونەوەی دەکەم و لەهەمان کاتا تەماشای هەیڤی ئاسمان ئەکەم، من خەیاڵ بردبوومیەوە و ناو خەیاڵەکانی خۆما گەوزابووم لە پڕ دەنگێک وتی

ـ دادەبوشرا...

ئاوڕم دایەوە بینیتم. کچی دراوسێکەمان بوو، بەڵام شۆک بووم بەبینینی ئەو، ئاخر ئەو منالە بەم شەوە چییەکا لەسەربانی ماڵی خۆیان ؟

ـ دەریا.. تۆ. چۆن...ئیستا ... چی ئەکەی لێرە بەم شەوە. دایک و باوکت ئاگادارن؟

بازیدا بەسەر دیوارەکەیا و هاتە سەربانەکەی ئێمە، ئینجا بە پێکەنینێکی مناڵانەوە گوتی: ـ باشی دادەبوشرا....ئـــــ.... دایک و باوکم ئاگایان لێم نیە چونکە میوانێکی زۆرمان هەیە دایک و باوکم سەرقاڵن بەوانەوە

بوشرا : ـ میوان ؟ ئێ باشە دەی ئیستا بڕۆ خوارەوە با لێرە شتێکت لێنەیە کاتەکانی زۆر درەنگە.

ـ نا جارێ نا ... ئەی تۆ بۆ لێرەی ، منیش دەمەوێ لەلای تۆ دانیشم،

هاتە پێشەوە و لەتەنیشتم دانیشست ، دواتر بە خۆخشان هاتە پێشترەوە و سەری خستە سەر قاچم،
ـ ئاخر. ئیستە...دەی لەبیری کە، کەمێکی تر خۆم ئەتبمە خوارەوە بۆلای دایک باوکت...
تەماشایەکی ڕووخساری کردم وتی :ـ دادە بۆچی ئەگریت ؟؟
ـ گریان ؟؟ نانا..گریانی چی...ئەوە خەوم دێ لەبەر باوێشک چاوم ئاوی کردوە، بڵێ بزانم چۆن زانیت لێرەم ؟؟
ـ نەمدەزانی لێرەیت، کەبینیتم دایک و باوکم ئاگایان لێم نیە حەزم کرد سەربانی خانوەکەمان بەشەو ببینم...
ـ لەکەیەوە لێرەی دەریا ؟؟
کەمێک پێکەنی و وتی :ـ ئیستە هاتم ، پاش کەمێک کە هەر لەباوەشم ئەجوولایەوە وتی : ـ دادە بوشرا ئەتوانی شعرێکم بۆبڵێی ؟
ـ شەعر ؟ بەس ... ئاخر..ئیستە ... دەی لێگەرێ با شەعرێکت بۆ بڵێم..ئئئـــ ...شەعری جوجەڵەکەت بیستوە ؟
دەریا :ـ نااا...
بوشرا:ـ دەی جوان گوێگرە مادام...
"ئەی جوجەڵەی دەنووک بە جریوە...
ئەو مێشە بخۆ تا نەفڕیوە...

بەیانیان تاقەتی نیە مێروبگرێ ..
هەی خەواڵووی چاو قلە ترێ...

ناوێری پێی بڵێی چۆنی جوجکی جوان...
دایکە مریشک زوو ئەنێری بۆمان...

ئەوەنە قنجی دەستت لێبەم پانەبیتەوە....
کە ونیش ئەبی ناگەڕێیتەوە ...

نازو مەکر هەر لەخۆت جوانە ....
ئەی بێ کلکی ڕوومەت خەپانە... "
نووسەر: سامان سالم

بوشرا :ـ بڵێ بزانم بەدڵت بوو ؟   دەریا :ـ ئمهم...
دە خولەک دەریا لەلام مایەوە و دواتر بردەوە بۆ ماڵی خۆیان . وەخۆشم هاتمەوە بۆ ماڵەوە، چوومە ژوورەکەم و لەبەردەم ئاوێنە وەستام، دوای ئەوەی ماوەیە لەئاوێنە سەری خۆم کرد لەدڵی خۆما گوتم:
ـ وای سەی ڕووخسام چەند ماندوە....

بۆ جارێ دووەم لەئاوێنە بەجوانی تەماشای خۆم کردەوە، لەناویدا کچێک دەرئەکەوت کە دەمی کردبوویەوە و بەتوندی هەناسەی ئەدا. وەک کەسێک کە تازە لەژێر ئاودا دەرچووبێ دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەژێر ئاوا مابوبێتەوە... وا دیارە هەر بەڕاستی دوور کەوتنەوەی باران بۆ من کارەساتێکبوو!!

***

ڕۆژهات و ڕۆژچوو، مانگێک، دوومانگ، سێ مانگ، تێپەڕێ هەتا چوار و پێنج و شەشیش تێپەڕی ،
لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا زۆر شت ڕووی دا یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە من بووم بە بیست و سێ ساڵ.جیا لەوەش شتێکم لە بارەی بارانەوە بیستبوو!

ئەویش ئەوەبوو کە ئەو کچەپورزایەی باران فێڵی لەباران کردبوو!!
کچەکە تەنیا پێویستی بە پارەبوو هەر بۆیە بەقسەکردن و بەپەیمانی ڕاکێشانی باران بۆ بەریتانیا، توانیبووی کۆڵێک پارەی زۆر لە باران بسەنێت و وازی لێبهێنیت.

ئێستاش کاتژمێر حەوتی سپێدەیە[1] و من چاوپێکەوتن و پشکنیکی پزیشکم هەیە،هەربۆیەش بەخێرایی لە ناو جێگای خەوەکەم هەستامەوە و دوای دەموچاو شوشتن ڕۆشتمە نادینەکەوە[2]، چونکە نەمویست دایکم لەخەو هەڵبستێنم هەر بۆیە بڕیارم دا خۆم خواردنێکی سادە دروست بکەم،
دوو ئەندۆمیم هێنا و خستمە ناو ئاوەوە تا نەرم بوونەوە. پاشان ئەندۆمیەکانم دەرهێناو خستمە ناو جامێکەوە.
دواتر پیاز و خەیار و بیبەری شیرین و کەلەرم ، هەمووی بە ورد کراوی کردمە ناو تاوەیەکی ترەوە و بەڕۆن سوورم کردەوە،
وە دواتر ئاوتەماتەو سۆس و بەهاراتی ئەندۆمیەکەم کردە ناو تاوەکەوە پاشانیش ئەندۆمیەنەرم کراوەکەم کردە نێو تاوەکەوە و چاوەڕێم کرد تا ئامادا ببێ.
دوای ئامادەبوونی، خواردنەکەم خوارد..،
پاشانیش پۆشاکێکی جوانم کردە بەرم و خۆم ئامادە کرد. تەماشای کاتژمێرم کرد کات هەشت و چل خولەک بوو. لەماڵ هاتمە دەرێ و کۆڵانەکەی خۆمانم بڕی و چومە سەر شەقامێکی فراوان،
دەستم لە تەکسیەک ڕاگرت و سواری بووم و ناونیشانی پزیشکەکەم پێدا،
***
دوای ئەوەی لە لای پزیشک هاتمەوە ڕاستی زۆر بێزاربووم چونکە ئەنجامی پشکنینەکە زۆر خراپ بوو

سپێدە[1]:بەیانی
نادین[2]: مەتبەغ

به دڵشکاوی لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە و تەماشای دەمژمێرم کرد کات 11و 30 خولەکی پێش نیوەڕۆ بوو.
وە تەماشای دەروبەرم دەکرد بۆ ئەوەی سواری تەکسیەک بم،
ساتێکی درێژ وەستام هیچ تەکسیەکم دەستنەکەوت، بەڵام دوای کەمێک بینیم کە تەکسیەک لەجۆری بیکاشۆ، لەگژە[1] لێم نزیک ئەبێتەوە ،
هەربۆیە منیش لەسەر شۆستەکە هاتمەخوارەوە و نزیک بوومەوە لەسەیارەکە بۆئەوەی سواری بم،

سەیارەکە بەرەوڕووم ئەهاتو وردە وردە هێواشی ئەکردەوە، کەمتر لە پێنج چرکەی مابوو سواری سەیارەکە ببم لەپڕ هەستم کرد شتێکی گەورە هاتە سەر پێیەکانم،
لەبەر ئەوەی شۆفێرەکە هەر تەماشای منی دەکرد ئاگای لە لێخوڕین نەمابوو هەربۆیەش بووە هۆی ئەوەی سەیارەکە بەسەر پێڵاوەکانم دا بچێ،
فیزاحم کرد و بەهاوارەوە وتم:
ـ کوێری ؟ پێش خۆت نابینی ؟
پیاوەکە زۆر شڵەژا ، سەیارەکەی لەتۆزێ پێشتر وەستاند و بەخێرایی دابەزی، بە هەڵەداوان بەرەوڕووم هات لەکاتێکا من لەگژبووم شوێن تایەی سەیارەکەییم لەسەر پێڵاوەکەم پاک دەکردەوە،
بەتوڕەییەوە سەرم هەڵبڕی و تەماشایم کرد، کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم باڵایەکی بەرز لاشەیەکی مامنەوەند ڕوخسارێکی گەنم ڕەنگ لەبەردەمم دەرکەوت
کوڕەکە:ـ ببورە، بەراستی ببورە ... تۆ باشی ؟... (پاشان زەردەخەنەیەکی کرد)

لەگژ[1]: خەریک

هێدی:ــــ

بە سەیارەکەم بە شەقامدا ڕێم ئەکرد ، لەپڕ لەسەر شەقامەکە کچێکم بینی کە پێدەچوو چاو بۆ تەکسی بگێری وە لەگەڵ ئەوەشا هەستم دەکرد پێشتر لەزانکۆی..... ئەو کچەم بینیوە،

منیش بەروڕووی ڕۆشتم لەمێشکی خۆما وەک پاڵەوانێک خۆم هاتە پێش چاو کە کچێک ڕزگار ئەکا.
((بەڵام هەمووشتێکم تێکدا !!))
کچەکە فیزاحی بچووکی کردو وتی :ـ کوێرەی ؟ پێش خۆت نابینی؟

بەترسەوە دابەزیم و لێی نزیک بوومەوە، پێم وت : ـ ببورە، بەراستی ببورە... تۆ باشی ؟

هەناسەیەکی هەڵمژی و وتی :ـ باشم باشم... بەس بۆجاری داهاتوو جوانتر لێبخوڕە !
هێدی ـ بۆ ئەتەوێ دووبارە قاچت بخەیتە ژێر تایەی سەیارەکەمەوە ؟؟...تۆسەری ئەم کچە ئەیەوێ ئەم شێرەمەردە بەکوشت بدا،
ــ هەر خۆی یەک جارم بەسە لەگژبوو قاچی چەپم بشکێ !
پاشان بەگاڵتەوە گوتم :ـ گەر حەزەکەی قاچەکەی تریشت ئەخەمەژێریەوە مەگەر پێشینان نەیان وتوە گۆم تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە..
دوای ئەوەی قسەکەم دەستم کرد پێکەنین بەڵام ئەو ڕووخساری یابوو بەیەکا !
کچەکە وتی :ـ دەی شتێکی ئەوەندە گەورە نەبوو بێگومان تۆ مەبەستت ئەوەنەبووە، من ببورن کە ئەوەنە توڕە بووم و جنێومدا

ـ نەخێر نەخیر چۆن ئەبێ لێت ببوورم.نا.یانی. ... بابا ئەتبوورم قەینا شتێکی واتنەکردوە.کچێ نانا بۆست، مەبەستم ئەوەیە تۆئەبێ من ببوری هەڵەی من بوو...

***

دوای ئەوەی سواری سەیارەکە بووین و دەستمانکرد بەڕێکردن،
چەنجارێک لەئاوێنەکەوە تەماشام کرد بەڕاستی کچێکی زۆر جوان و نەشمیلانەبو.ڕووخساری دەتوت و گوڵێکە کە لەوشوێنانە ئەڕوێ کە بەئەستەم دەستی مرۆڤی پێئەگات.لاشەیەکی باریک وە ڕووخسارێکی سپی کە چەن خالێکی ڕەشی ورد ورد لەسەر ڕومەتەکانی بوو، لێوەکانی بەسروشتی خۆی گەورەبوو وە ئاڵبوو ، برۆکانی درێژ و پرشاوبوو، چاوەکانی ڕەش بوو
وتم :ـ ناوت چیبوو خانم ؟
کچەکە سەری نابوو بە جامی سەیارەکەوە و تەماشای دەرەوەی ئەکرد وتی
ـ بوشرا
ـ ناوێکی خۆشە منیش ناوم هێدیە، وەئەگەر حەزت کرد ناوەکەم کورت بکەیتەوە ئەتوانی پێم بڵێی هێدە، ئەگەرهەر حەزت کرد زۆر زۆر ناوەکەم کورت بکەیتەوە ئەوە هەر ناوم مەهێنەو ئەهـ.... ئەزانی بوشرا هەستەکەم تۆم شوێنی بینیوە. ئەریَ تۆ هەرگیز لەزانکۆی..... نەبووی ؟
بوشرا ـ بەڵێ من بەشی زمانی کوردیم لەوێ تەواو کردوە ،
زۆر خەمبار دیاربوو دەتوت ئەو ڕووخسارەی دەساڵە ئازار ئەچێژێ بەڵام ئەم شێرەمەردە چارەی هەموو کێشەکانی لایە
هێدی:ـ پێشئەوەی بپرسی ، وەلەو دڵنیاشم ناپرسی . بەس منیش بەشی کیمیام لەوێ تەواو کردوە .... ئەڵێم. هیچ بیری هاوڕێکانی زانکۆت ناکەی؟ من زۆر بیریان ئەکەم... ، گەلێک کز و مات ئەهاتەبەر چاوان هیچ وەڵامی نەدامەوە منیش ویستم بیتاقەتیەکەی نەمێنی هەربۆیە وتم :ـ بوشرا لەوانەیە ئەم قسەیەم بێ مانا بێ بەس ئایە تۆ هەرگیز تەماشای ئەفلام کارتۆنی شرێکت کردوە ؟
بوشرا برۆکانی بەرزەوە کرد و کەمێک سەری بردە دواوە. و گوتی :ـ بەڵێ بۆچی ؟؟
ـ ئەو کارەکتەرەت بینیوە کە درۆئەکا پاشان لووتی درێژ ئەبێ ؟
ـ بەڵێ
ـ باشە ئەگەر ئەو کارەکتەرە بڵێ کەمێکی تر لووتم درێژ ئەبێ. ئایە چی ڕووئەدا ؟؟ ، دەی خۆ ئەگەر لووتی درێژ بێ ئەوە درۆی نەکردوە بۆ لووتی

درێژ ئەبێ ؟ خۆ ئەگەر لووتیشی درێژ نەبێ چۆن ئەبێ خۆ ئەو درۆی کردوە وتویەتی لووتم درێژ ئەبێ و لووتیشی درێژ نەبووە ،
بوشرا لەدواوە تەماشایەکی کردمو وتی :ـ سەیرکە بەڕێزم من تاقەتی ئەم پرسیارە منداڵانەیەم نیە بەڕاستی لە وەها حاڵێکدام کە ئەگەر تۆ بێدەنگ بیت زۆر باشترە لەم قسانە.
ـ نانا هەر بەڕاست ئەو پرسیارە مێشکی داگیرکردووم چی ڕووئەدات ئەمەوێ بزانم ؟؟

چەن خولەکێک تێپەری هیچی نەوت پاشان وتی :
ـ لەوانەیە وەڵامەکەی ئەوەندەش قورس نەبێ، بابڵێین کە کاتێک ئەڵێ پاش کەمێکی تر لووتم درێژ ئەبێ، ئێمە ئەبێ لە نیەتی ئەو ورد ببینەوە بزانین ئایە کە دەڵێ کەمێکی تر لووتم درێژ ئەبێ مەبەستی ئەو کەمە چەندە، بۆنمونە با بڵێین مەبەستی دوو خولەکە. ئێ لەتەواوی ئەو دوو خولەکە لووتی درێژ نابێ چونکە یەشتا دیار نییە درۆی کردوە یان نا . پاشان دوای دووخولەکەکە لووتی درێژ ئەبێ چونکە وتویەتی کەمێکی تر لووتم درێژ ئەبێ وە ئەوکەمەش تێپەریوە لووتی درێژ نەبووە ، ئیستا تێگەیشتی ؟؟
ـ واو، بەڕاستی جوان ڕوونت کردەوە. من سەرسامم بە ئاستی زیرەکیت، تۆ هەر دیارە لەو جۆرە کچاکەی وێنەکێشان و باڵندە و ئەها ئەوشتانەت خۆش دەوێ.
هاناسەیەکی بێتاقەتی هەڵمژی و وتی :ـ بەڵێ ،هەرشتێک قسەنەکا خۆشم ئەوێ!

ـ ئم، ڕاستی تێنەگەیشتم چیت وت بەس ئەتوانم بپرسم کە ئایە تۆ ئینگلیزی ئەزانی یاخود نا
بەدەنگێکی نزم وتی :ـــ بەڵێ !

هێدی:ـ واو.. هەر بەو بۆنەیەوە ئەتوانی بە ئینگلیزی داوای لێبوردنم لێبکەی لەسەر ئەوەی کەمێک پێش ئیستا پێت وتم کوێر !
ـ ئـــــ..نەخێر... ئەوە ناکەم بەڵام ئەگەر بتەوێ ئەتوانم بە ئینگلیزی پێت بڵێم کە بێدەنگ بی !

گوێم بە تالیقەکانی نەدا و وتم :ـ بەڵام تۆ پێت وتم کوێر، بەڕای من ئەبێ داوای لێبووردن بکەی یانیش وادیارە بە ڕێزتان بەڕێزمان بە بەڕێز نازانن ؟؟
ـ ئەرێ دەبەس ، ئەوە ناڵێم بێدەنگبە،
هێدی:ـ ... دە بێدەنگیش خۆش نییە ، ئەگەر بێدەنگبم ئەوکات گوێت لەدەنگە خۆشەکەی ئەم نەفسە نابێ.. دەتوخوا لێگەرێ با بەدڵخۆم چەنەبازی بکەم..

دوای ئەوەی کە کچەکەم لەشوێنی مەبەست دانا و خۆشم ڕاستەوڕاست گەڕامەوە بۆ ماڵ، کە سەیارەکەم کردە ژوورەوە و دابەزیم، لەدەرەوەی سەیارەکە بینیم کە چەند پەڕاوێ لەگوشنی دواوە جێماوە ، منیش بەبێ بیرکردنەوە پەڕاوەکانم لەسەیارەکە دەرهێناوگرتمە دەستەمەوە،دواتر بەخێرایی دەستم کرد بەخوێندنەوەی تا چاوم کەوتە سەر ئەم دێرە: " توش بوو بە نەخۆشی دەروونی لە جۆری Severe Depression....

هەر لەگژی خوێندنەوەی پەڕاوەکان بووم تا برابچووکەکەم شەماڵ، لە ماڵەوە هاتە دەرەوە بۆ ناو حەوشەکەو منی بینی دوای چاکوچۆنی ڕۆشتینە ژوورەوە و هەمووشتێکم بۆ باس کرد پاشان وتی :

ـ ئی دڵنیام ژمارەی پزیشکەکە لەسەری نووسراوە ئەتوانی پەیوەندی بە پزیشکەکەوە بکەی، وە دواتر... قسەکەم پێبڕی بەگاڵتەوە وتم :ـ ناچاریّ پەلەمەکە بۆ ڕۆژێکی تر تۆ ئەبەم بۆئەویّ..
شەماڵ :ـــ دەبێلە قسەبکەم، دوای ئەوەی پەیوەندیت پێوەکرد پێی بڵێ پێسە وپاسە[1] و دواتریش ئەو ژمارەی تەلەفوونەکەی ئەوکچەت پێئەدا.
هێدی :ـ قسەکەت زۆر جوانە بەس حەیف... حەیف... کەس گوێت بۆ ناگریّ. ڕاستی خۆشم گوێم بۆت نەگرت بەس هەستەکەم قسەکەت ئەوەندە جوانە کە دەبیّ لەپەرتووکا بنووسرێتەوە،
شەماڵ :ـ چی پەرتوکێک؟؟
ـ پەرتووکیّ بیّ سوود ترین قسەکانی دوونیا ، کورە بیربکەوە. بیر ، چۆن نەخۆشخانەیەک ژمارەی کچێک ئەدەن بە کەسێکی نەناسراو.
شەماڵ:ـ ئی خۆتیان پیّ بناسێنە ئینجا((دەستی کردە پێکەنین))بڵێم چی قسەکەی تۆش ڕاستە
ـ ئەی چۆن قسەکەم ڕاستە وەلەو ناخۆشیشم کردوە ئەوەنە قسەی ڕاست بکەم
شەماڵ :ـ ئیّ دەی لێگەریّ ئەوەندە گرینگ نیە ئەنجامی پشکنین چیە تا بی بیەتەوە بۆی
ـ نا ئاخر ڕێنمایی لەسەر نووسراوە وە کۆمەڵێک دەرمانیش.
شەماڵ:ـ دەی خۆ دیارە دەرمانەکانی کڕیوە پێش ئەوەی سواری سەیارەکەی تۆبیّ
ـ ئەی ڕێنماییەکان چی ؟؟ تۆ ئەنجامی ئەیەی لە جیاتی ئەو کچە ؟؟
ـ چووزانم ، دەی ئەوەش لەوانەیە دوبارە پەیوەندی بە پزیشکەکەوە بکا و ڕێنماییەکانی لیّ بپرسێتەوە!
ـ جا هەر کێشەکە ئەوەنیە ، ئەو کچە داوای خۆشەویستی لێکردم. منیش ویستم تۆزیّ نازکەم وتم دوایی وەڵامت لێئەگرێمەوە، ئیستا من چیبکەم ؟؟
ـ داوای خۆشەویستی لەتۆ کردوە ؟ شەرتبیّ درۆنەکەی

پێسەوپاسە[1] : وا و وا

هێدی:ـ شەرت بێ ڕاستەکەی ، بەس کێ وتی من بانگەشەی ڕاستیم کردوە، کوڕە من هەر لەخۆمەوە شتەڵێم دوایش وەک تیروپشک بۆت دەرەچێ کە ڕاستیم وتوە یانیش درۆ

شەماڵ :ـ دەی لێگەرێ زۆر گرینگ نیە کچێکە و تەواو..

ـ کورە تۆ باسی چیەکەی من ئەویندارى ئەو بوومە !
ـ کورە ، ئەویندارى چی خۆ بەهەمووی پانزە خولەک پێکەوەبوونە..
هێدی:ـ دەی خۆ ئەویندار بوون لە چەنچرکەیەک دا ڕووئەدا.
شەماڵ :ـ تۆزێ گاڵتەکەم کەوە ، من بەڕاستیمە...
ـ ئێ دەی خۆ وایە درۆناکەم، ، ئیستا ئەبێ گڕ گڕ بگەڕێم بەدوای ماڵیانە تا ئەوشتەی لێبسەنمەوە کە دزیویەتی
ـ بۆشتیشی لێت دزیوە ئەی مادام ئەویندارى چی؟؟
ـ کورە دڵی دزیوم دڵ ئەوە تۆ لەکوێ جێماوی..

شەماڵ هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی :ـ ئێ دەی ئەوە گریمان تۆ ماڵی ئەو کچەت دۆزیەوە چیەکەی ؟
ـ زۆر سانایە، ئەڕۆم بە دەماچەوە ئەیەم بەسەر ماڵیانا ئەڵێم ئەو کچەم ئەیەنێ یانیش مێشکتان بە فیشەک بپرشێنم، ئی ئەوانیش ئەزانن من چەن تورە و ئەها ئەوشتانەم، ئی یەکاویەک ئەم یەنێ،
شەماڵ :ـ باشە. بەس خۆ ئەو کچە مێشکی تەواو نیە مەگەر نەخۆشی دەروونی نیە ؟
لەودەمەیا دایکم هاتە ژوورەوە وتی :ـ کوڕەکان فراوین[1] ئامادەیە زوو وەرن نان بخۆن !

فراوین[1] : نانی نیوەڕۆ

بوشرا:

کاتی بانگی پاش نیوەڕۆ بوو لەدەرگا درا ویستم هەڵستم دەرگاکە بکەمەوە بەڵام دایکم پێش من ڕۆشت کردیەوە و دوای تۆزێک گەڕایەوە وە بەدوایا دەریادەرکەوت کە هاتبوو بۆلای من، نازانم ئەو منداڵە بۆ ئەوەندە حەزی بەتەک منە.

دەریا :ـ سڵاو دادە بوشرا
ـ سڵاو. سڵاو وەرە دانیشە لەکنم. بزانم ئەمڕۆی خوێندنگەت چۆن بوو
ـ زۆر باش بوو
ـ وانەت خوێند ؟ ياريت كرد ؟؟
ـ ئمهم..

دوای ئەوەی کەمێک قسەم کرد لەگەڵی پرسیارێکی کرد کە پرسیارەکە مشتومڕێکی گرینگی بەدوای خۆیا پەلکێش کرد..

دەریا :ـ دادە تۆ ئیستا بەشی زمانی کوردیت تەواو کردوە وایە؟
ـ بەڵێ. ئیستا من زانکۆم تەواو کردوە بەڵام دانەمەزراوم لە هیچ شوێنێ...
ـ دانەمەزراوی ؟؟ ، باشە ئەگەر ڕۆژێک دامەزرای ئەوە ئەبیتە مامۆستایەکی باش وایە؟
ـ بۆ ئەپرسی ؟؟ ، دەریا ـ هەروا
ـ نازانم.. بەڵام لەو جۆرە مامۆستایانە نابم کە ئەگەر خوێنکارێ هەڵەیەک بکا و دواتر بتوانی بیسەلمێنی کە خزمی منە یانیش ناسیاوی لەگەڵ فلان کەس هەیە ئیتر لە نمرە لێشکاندن و ناونووسین بەدوور و پاریزراوبێ. لەوانەیە تۆ لە قسەکەم تێنەگەی وە منداڵ بی بۆ ئەوەی لەوە تێبگەی بەڵام ئەمە حەقیحەتی منە..
دەریا :ـ چۆن. یانی ئەگەر من ببمە خوێندکاری تۆ وە هەڵەیەک بکەم وەک خوێندکارەکانی تر هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەکەی ؟
ـ بەڵێ دەریا...

ـ بۆچی.. خۆ ئەوە من و دایک و باوکم تورەئەکا ؟؟
ـ گرینگ نیە کردارێک ژمارەی ئەو کەسانەی کەپێیان ناخۆشە چەنێ زۆرە گرینگە ئەوەیە کە ئەو کردارە چەنێ ڕاستە ،
دوای ئەوەی ئەم قسانەم کرد دەستی بە بیرکردنەوەیەکی قوڵکرد منیش هەروا لێی ئەڕامام لەپڕ زەنگی موبایلەکەم لێی دا ! ((تەلەفوونەکەم هەڵگرت))
ڕووکاڵ :ـ ئەلوو..کچێ..بوشرا..ئەلوو...
ـ ئەلوو..
ڕووکاڵ:ـ دێی بڕۆینە دەرەوە کەمێک پیاسە بکەین زۆر دوور ناڕۆین
ـ بڕوابکە ڕووکاڵ تاقەتی هاتنە دەرەوەم نیە
ـ دەوەرە. هەموو جار ئەڵێی نایەم ئەمە تۆ لەماڵ بێزارنەبووی چیە ئەم گۆشەگیرییە..
ـ ئێ باشە، دێم دەی وەرە بەر دەرگامان منیش خۆم ئامادە ئەکەم و دێم...

تەلەفوونەکەم داخستەوە و داوام لە دەریا کرد کە بڕوا لەگژی یاری کردن بێت و خۆشم هەستام نوێژی عەسرم کردو خۆم ئامادە کرد،هەر زۆری نەبرد ڕووکاڵ لەدەرگای دا،
ڕووکاڵ کچێکی کەمێک قەڵەوە بەهۆی چاوکزیەکەیەوە بەردەوام چاویلکەیەکی لەچاوە ، دووددانە گەورەی پێشەوەی زیاتر لەددانەکانی دی دەرکەوتوە، ماڵیان لەگەڕەکەکەی ئێمەیە وە نزیکترین هاوڕێمە...

بەخێرایی دەرگاکەم لێی کردەوە تەماشامی کرد و وتی :ـ دەی بابڕۆین
ـ ئێ باش بەس بۆ کوێ ؟؟ ڕووکاڵ:ـ ئەڕۆین بۆ باخچەی....

***

من و ڕووکاڵ گەیشتینە باخچەکە ، رووکاڵ بەدەورووی خۆیا ئەسوڕایەوە و تەمەشای باخەکەی ئەکرد پاشان وتی :ـ باخێکی خۆشە وایە ؟
ـ بەڵێ. لەمێژبوو نەمبینیبوو زۆر گۆڕاوە

ڕووکاڵ :ـ تۆ پێم بڵێ ئەنجامی پشکنینەکان چۆن بوو ؟
ـ هەر وەک ئەوەی کە بە تەلەفون بۆم باس کردی...
ـ خراپ ؟
ـ زۆر...خۆم هەستی پێئەکەم کە شکاویەکی ڕەش لەناو بازنەی بیرکردنەوەکانم دایە کە زۆر ماندووم ئەکا. هەندێ جار ئەوەندە کە بارودۆخم خراپ ئەبێ کە دەوروبەرم قسەم بۆ ئەکەن بە زەحمەت گوێم لێئەبێ، قسەکان وەک ساوێرێک[1] دێتە گوێم..
بەکورتیەکەی ئەگەر وا لەبیرکردنەوەکانم نەکەم خۆیان بکووژن ئەوان وا لەمن دەکەن کەخۆم بکووژم..
ڕووکاڵ :ـ باشە هەر بەڕاستی نەخۆشی دەروونی ئەوەندە بەئازارە؟
ـ ڕووکاڵ تۆ هەرگێز تووش نەبووی نازانی چەند ناخۆشە. بڕوابکە بیرکردنەوەکانی من کۆمەڵێ وشەی بەیەکەوە بەستراون هەندێک لەو وشانە لە مێشکدامدا بەنگ ئەخواو ئەمەش واملیئەکا بارودۆخم تێکبچێ ، مەگەر تۆ نازانی هەندێ جار وشە چەند خراپە ؟ باوەڕم پێبکە هەندێک جار وشەکان ئەوەندە تیژن ئەتوانن قژی ئافرەتێک ببڕن.
ڕووکاڵ :ـ نازانم چی بڵێم، تۆ خۆت ئەزانی کەمن هیچی وام بەسەرنەهاتوە ڕاستی نازانم چۆن ئامۆژگاریت بکەم...
ـ ئم...ئەم باخە زۆر چۆڵە ئەزانی...
ـ بەڵێ زۆر
لەسەر چیمەکەی ناو باخەکە دانیشتین.

ڕووکاڵ:ـ ـ برسیت نیە ؟؟
بوشرا :ـ نا...
ـ ئەی بۆمن برسیمە ؟
ـ چوزانم... ئەڵێم.. ڕووکاڵ ـ بڵێ...

ساوێر[1]: وەهم

ـ بڕۆینەوە ؟...   ڕووکاڵ :ـ بۆکوێ ؟
ـ بۆ ماڵەوە... بێزار بووم لێرە حەزەکەم کەمێک بەتەنیابم... وێڕای ئەوەی ئێرە زۆر چۆڵە بەڵام هەستەکەم تەنیاییەکەم ئەشێوێنێ..
ـ نا نا ڕۆشتنەوەی چی بوشرا.. تۆ توشبوو بەنەخۆشی دەرونیت نابێ ئەوەندە بەتەنیابی. بزاڤبکە کەمێک تێکەڵاوی مرۆڤ بی.. چوزانم بۆنمونە خزمەکانت.هاوڕێکانت. ناکرێ بەردەوام لە نێوچوار دیواری چۆڵ بی...
ـ ئم.. باشە کەمێکی تریش لێرە ئەبین...
ڕووکاڵ :ـ شتێک ئەڵێم بەڵام نابێت لەدڵی بگری... ئەزانی بوشرا ئەم خەموپەژارەیەت تا ڕادەیەک دەستی خۆتی تێدایە یانی... نازانم یانی چۆن بڵێم تۆ هەوڵ بۆ باشبوون نادەی بەردەوام قووڵتر ئەبیتەوە لە خەمم پەژارەکەت.. یانی ئیستا باران جێی هێشتوی، چی تیایە با بڕوا با زۆر دوریش بڕوا،
بەس تۆ بەردەوام لە یادی ئەودای..
ـ نا...ئەسلەن من بەهۆی ئەوەوە خەم ناخۆم
ڕووکاڵ ـ وانیە..
ـ نا وایە ئەسلەن زۆر زۆریش وایە تەنانەت بەجۆرێک وایە هیچ وایەکی دی نیە بەهێندەی ئەو وایە وابێ....
پاشان درێژەم پێدا، ڕاستە من بەهۆی ئەوەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بووم ڕوونتر بڵێم بەهۆی ئەوەوە کەوتمە نێو ئەم چاڵە بەڵام ئیستا کێشەی ژیانی من چاڵەکەیە نەک هۆکاری کەوتنەخوارەم بۆ ناو چاڵەکە...
ڕووکاڵ :ـ تێگەیشتم بەڵام پێویستە تۆ بزاڤ بکەی بۆ ئەوەی لەم چاڵە قوتاربی
ـ وایە..بەس...لێرگەرێ...باشە بەڵێن بێت بزاڤ ئەکەم...

بۆ ساتێک تەماشای ژینگەی دەوروبەرم ئەکرد و پاشان وتم :
ـ لەبیرم دێ تەمەنم دەساڵ بوو..کە ئەڕۆشتین بۆ بازار

هەر جاری بەبەردەم پەرتووکخانەیەکا بڕۆشتینایە ،داوام لە دایکم ئەکرد کە پەرتووکێکم بۆ بکڕێ، دایکیشم هەموو جار وا ڕەفتاری ئەکرد کە ڕقی لە پەرتووکە و حەزناکا پەرتووک بهێت بە ماڵ ئێمەیا،
بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەژاربووین دایکم ئەبوو پارەیەکی کەم خەرج بکات ، وە لەبەر ئەوە لێم توڕە ئەبوو نەیئەویست هەست بکەم کە ئێمە هەژارین بەڵکو وا خۆی دەرمخست کە ڕقی لە پەرتووکە..

جا دایکم ئەیزانی کەمن گوێڕایەڵی باوکم ئەکەم، هەر بۆیە بە باوکمی وتبوو کەپێم بڵێ ئەوەندە داوای پەرتوک نەکەم ،
باوکیشم هیچی نەوتبوو لەگەڵی ، ڕۆشتبوویەوە دەرەوە و ئیوارە گەڕابوویەوە.
من ئاگادار نەبووم کەگەڕابویەوە لەکۆڵان یاریم ئەکرد. لەناکاو باوکم بانگی کردم و وتی وەرەکارێکم پێتە، منیش وازم لەیاریکردن هێنا و هاتمەوە ماڵەوە،
باوکم منی بینی و پێی وتم:
ـ کچم پێنووسێکی خۆتم بۆبهێنە لەناو دۆلابەکەی خۆت ئەمەوێ نامەیەک بنووسم بۆ کەسێک...
منیش بەڕاکردن ڕۆشتم پێنووسێک لەناو دۆلابەکەم دەربهێنم و بیدەمە دەستی ، بەڵام کە دەرگای دۆلاپەکەم کردەوە شتێکم بینی کە لەدوای ئەوە لە خۆشیا قسەم بۆ نەئەکرا..
باوکم دۆلابەکەی بۆ پڕکردبووم لەپەرتووک ، وە پەرتووکێکی زۆریش بوو نزیکی بیست دانە ئەبوو، بەراستی ئەوساتە زۆر خۆش بوو...
بە درێژایی تەمەنی منالیم باوکم پاڵەوانێکی ماندوو نەناس بوو بۆ من ، هەرچەندە ئێمە هەژاربووین بەڵام باوکم منی وەک خانمێک ژیاند...
تاکە هۆکاری ئەوەی لە هاوسەرگیری ئەترسم ئەوەیە کە تووشبم بە پیاوێک کە لەباوکم نەچێ... یان بابڵێن .خراپ بێ، زۆر منەت بکا...

بوشرا :ـ ئیستا ئەتوانین بڕۆینەوە ؟؟
ڕووکاڵ بزەیەکی کردو وتی :ـ بلا[1]... با دڵی بە تۆبێ

دوای ئەوەی هاتمەوەماڵەوە و هەتا نزیک بانگی ئیوارە لەگری ماڵپاکردنەوە بووم، پاشان گوێم لە کردنەوە دەرگای حەوشە بوو، ئەوە باوکم بوو لە کار گەڕابویەوە،
بەخێرایی ڕۆشتم بەخێرهاتنی بکەم کە لەدوورەوە بینیم چەن عەلاگەیەک بە دەستیەوە بوو کە شووتی و خورما و پێداویستی ناو ماڵی تێدابوو،
بەرەو پیری ڕۆشتم و دەستم کردە ملی و ماچیکی دەستیم کرد، و پاشان گوتم:
ـ باوەگیان وەخێربێیتەوە
باوکم لەقووڵایی دڵیەوە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی :
ـ قوربانتبم کچەجوانەکەم.... پاشان سەری مانچ کردم، پاشان شتەکانم لێوەرگرت و فەرمووم لێکرد بێتەژوورەوە

دوای ئەوە ڕۆشتمە ژوورەوە پاش کەمێک نانی شێویش ئامادە بوو هەموومان دانیشتین لەسەر سفرە و تێر نانمان خوارد...

دوای نانەکە، بابم لێی پرسیم :ـ ئەرێ کچم کارتم پێنەبوو پەیوەندیت پێوەبکەم ، ڕۆشتی بۆ نەخۆشخانە چی بوو نەخۆشیەکەت باشتر بووە ؟

زمانم کەوتە تەتەڵەکردن :ــ ئـ. ئـ. ئێ. ئا... ڕاستی من..
دایکم هاتە ناو گفتۆگۆتەوە :
ـ پیاوەکە تۆ جارێ ماندووی پشوویەک بدە، دواتر خۆم بەجوانی بۆت باس ئەکەم
باوکم :ـ ڕاستەکە پێویستم بە پشوویەکە کوا کچم سەرینێکم بۆ بهێنە با کەمێک پاڵبکەوم.

بلا[1] : باشە

هەستام سەرینێکم بۆی هێنا و دامە دەستی ئەویش پاڵکەوت و خستیە ژێر سەری،
دایکیشم وردە وردە لەگژ بوو سفرەی کۆئەکردەوە، ژنیشکەکیڤە[1] باوکم دەستی کردە هەناسە بڕکێ و زۆر بەقوڵی هەناسەی ئەدا و هەڵی ئەمژییەوە...
منیش فیزاحم کرد تا دایکم بە شڵەژاویەکی زۆرەوە هاتەلامان

باوکم هەر هەناسەی هەڵئەمژیو ئەیدایەوە لەگەڵیا ئەکۆخی..
دایکم بە دەنگێکی تۆقاوەوە وتی :ـ بوشرا زوو ڕاکە بانگی کاک عەباس بکە پێی بڵێ با سەیارەکەی بهێنی باوکت بەرێ بۆ نەخۆشخانە. زوو زوو دەی ڕاکە مەوەستە..
بە ڕاکردن و فیزاح لەماڵ هاتمە دەرەوە و بەرەو ماڵی کاک عەباس بەرێ کەوتم کە یەک کۆڵان ئەودیو ماڵمانەوە بوو، زوو خۆم گەیاندە بەردەم ماڵیان.
چەن جارێک بەخێرایی لە دەرگام دا لەبەر ئەوەی خانووەکەیان گەورە بوو ئاگایان لەدەرگا نەبوو زەنگیش بە دیوارەکەوە نەبوو تا زەنگ لێدەم..
هەر بۆیە دەرگاکەم کردەوە بە ڕاکردن چوومە ژوورەوە.

بەگریانەوە خۆم کرد بەیەکێک لەژوورەکانا کەژووری میوان بوو، کەبینیم هەموو لەسەر سفرە دانیشتوون خۆیانو میوانەکانیان لەگری نانخواردنن،
من لەبەر ئەوەی چاوم پڕ گریان بوو بەباشی نەمئەبینی هەر بۆیە بەبێ ئەوەی کاک عەباس لەنێو ئەو هەموو ڕووخسارە واقوڕماوە بدۆزمەوە وتم:
ـ کاک عەباس باوکم....
یەکێکیان کە نەم زانی دەنگەکەی لەکام لاوە دێ وتی :ـ چیییی !!
ـ باوکم تەنگە نەفەس بوە لەگژە ئەخنکێ..

هەرکەوام وت هەموو هەستانە سەر پێو ڕایانکرد بەرەو ماڵی ئێمە، خۆشم لەگەڵیانا بەڕێ کەوتم..

ژنیشکەکیڤە[1]:لەناکاو ، لەپڕ ،

Page Break

دوای ئەوەی نزیک بووینەوە لەماڵی خۆمان تەماشا ئەکەم دراوسێکان هەمووی کۆبوونەتەوە لەبەردەم ماڵمان..
بە تاساوی بەناو جەنجاڵیەکەیا ڕۆشتمو تا لەگڕ بوو حەوشە تێپەڕێنم بڕۆمە ژوورەوە، وە ژوورەوەش لە دەرەوە جەنجاڵتر دیار بوو،
بەڵام هەستم کرد کە بێدەنگیەک باڵی بەسەر تەواوی ئەوانەی ژوورەوە دا گرت،

کەمێک وەستام تا دەریا لەژوورەوە لەنێو ئەوجەنجاڵیە لەنێوانی خەڵکەکەوە هاتە دەرەوە و بە دەنگە مناڵانەکەی وتی :
ـ دادە بوشرا باوکت جەڵدە لێی دا....
***

هێدی:ـ

کاتژمێر هەشتی شەو بوو دوای ئەوەی کە خۆم شوشت.. لەماڵ هاتمە دەرەوە و چووم بۆ دیوەخان بۆ لای شەماڵ و ئاکام، کە گەیشتمە ئەوێ چاکیوچۆنیم لە ئاکام کرد، و دۆمینەمان هێنا و دانیشتین سێ کەسی دەستمان کرد بە یاری کردن..

لەگژی پول دابەشکردن بووم کاتێک شەماڵ پرسی:
ـ ئەی دەنگوباسی بوشرا گەیشتە کوێ؟؟
ـ بوشرا ؟ لێیجیابومەوە لە ئیستایا هیچ پەیوەندیەکمان بەیەکەوە نەماوە..
شەماڵ:ـ ئەهااا
ئاکام :ـ بەڕاست هێدی خۆشەویستت هەیە ؟؟
شەماڵ:ـ کورە خۆشەوسیتی چی کێ بەمە ڕازی ئەبێ ئەمە تەنیا ئەزانێ حەز لەخەڵک بکا و بەس..
هێدی: ـ نانا وامەڵێ،چۆن دڵتان دێ وابڵێن، کچ نەماوە حەزی لێم نەبێ بروااتان هەبێ ئەم جوانیەم یانی تەواو ناخۆشی کردوە هەر ئەڕۆمە دەرەوە کچ بەقاچوقوڵما هەڵەگژی تا یەمەوە.. جا ئەوکچانەشی شوێنم ئەکەون ئەوەنە زۆر زانن قسەزلن هەرنەبێتەوە.. بڕواتان هەبێ برایان چوار ساڵ پێش ئیستا خۆشەویستێکم هەبوو خۆشەویست چی خۆشەویست ئەتوت ڕادیۆیە هەر قسەی ئەکرد، ئینجا قسەکانیشی چۆن بوو دایمە منی ئەشکانەوە و پێی ڕائەبواردم یانی هەر نەبوو نە ، بەردەوام قسەی پێئەوتم، ئی منیش بەزەییم بەخۆما هاتەوە وتم دەری نایەنێ ئەبێ بەرەنگاری ببمەوە ، هەربۆیە ڕۆشتم بۆلای هەنێ برادەری کۆنم تا فێری قسەم کەن، ئیتر ماڵیان ئاوابێ ئەوانیش هەموو شەوێ تێریان پێڕائەبواردم و ئەمیان ناردەوە بۆماڵ..
ئیتر وام لێهاتبوو کەڵکم نەمابوو بەکووف ناخۆش بوو...
دەی دەی ئێوە لەوە گەڕێن با یاریەکەمان بکەین

ئاکام:ـ ئێ گەر وابێ بەس من ماوم پێت ڕابێرم !
هێدی :ـ ئەرێ کاک ئاکام هەندێک قسەم هەیە ئەتوانم لەسەر پەڕەیەک بینووسمەوە و تۆ لەجیاتی من بیانکەی ؟ چونکە هەر بەڕاستی بواری کەس نادەی قسەبکا ، دەبێڵە وائەزانی ئەم پیاوە مەردە لەگژی قسەیە.. چییم لەمێشک بوو؟ دەمویست شتێک بڵێم نازانم چی بوو. .. ئەها .. با بەسەرهاتی ئەوڕۆژەی ناو بازارتان بۆباس بکەم ،
کاکە پیاوێک لەناو بازار نازانم چی بوو بابەتەکە وابزانم بێ هۆکاربوو ئا بێ هۆکار گێچەڵی پێکردم ئی منیش نەم کردە نامەردی دارێکم هەڵگرت و ڕۆشتم بۆگیانی بەس هەردیار بوو شەڕەکە دەستێکی لەپشتبوو ئاخر ئەو دارە بۆ لەوێ کەوتبوو تامن هەڵی گرم ؟
ئیتر بۆی ڕۆشتم بەس حەیف نەیان هێشت لێی بدەم... ئیتر خۆتان ئەزانن من ناحەز و دووژمنم زۆ...
ئاکام:ـ دۆمینە....
ـ کوڕە ئەوە چۆن ئاوا زوو دۆمینەت کرد خۆمن حەوت پوولم
ئاکام :ـ من پولی ترم ڕانەکێشاوە برا...
ـ جا پول ڕاکێشانێ ئەوەنە ترسناکە وا ڕای ناکێشی، دەڕای کێشە خۆچیە..
دیوەخان دیوەخانی خۆتە شەرم مەکە پول ڕاکێشە...دەی دەی هیچ نیە ....
ئا شەمەی برام دووسێ خاڵی بۆ بنووسە با دوایی نەڵێ ئەم دوو برایە فێڵیان لێم کردوە....
ئاکام :ـ ئیستا بڵێ بزانم ئەو کچەش تۆی خۆشەوێ ؟
شەماڵ:ـ کورە خۆشویستنی چی بابە درۆئەکا
هێدی:ـ درۆی چی... من یەژم بەقەت تەماشاکردنی چۆلەگەکانی بەیانیان حەزئەکەم ڕووخساری ببی، من ئاشق وشتم برا، خۆ وەک ئێو سینگڵ نیم

وەلەو دڵنیام بوشرا شایەنی گرینگی پێدانێکی زیاترە،بۆنمونە هەموو ڕۆژی بەبیابانەکانی سەر زەویدا بگەڕێم تا ملوانکەیەک چوزانم دەست بەنێکی بەنرخی سەردەمی زوو بدۆزمەوە و لەملی ئەوی بکەم گەر چی ئیستا بوشرا لێم ون بوە و لەوانەشە هەرگیز نەیدۆزمەوە...

یانیش هەموو دوو چرکە جارێ پێی بڵێم کە من چەن ئەوم خۆشەوێ ! ، ئیتر پێم ناڵێن تا من مابم....

ئاکام :ـ دوو شەش تۆپی!

شەماڵ:ـ بەڕاست.. کوا؟

هێدی :ـ کورە دەبا بتۆپی توخوا با جوان جوانیش بتۆپی جابەمن چی خۆلای من نیە.... دەی خۆ ئەوە لاشم بوو، بە فێڵی ئەیکەمە نێوان ئەو پولانەوە..

کورم نەنگیە بۆتان دوو شەش ئەتۆپێنن تۆزی ڕێزی ئەو هەموو خاڵە بگرن کە پێوەیەتی ئەی بۆ کولەبەیاز ناتۆپێنن ها؟ ها؟ بەس لەبەر ئەوەی دووشەش کوڕەهەژارە؟ ئاخ هەژاری .... وللە ئەگەر ئیستا هەژار نەبوومایە یەک حەمکە پارەم ئەبوو.

ئاکام :ـ ئەڵێم بۆ واز لە دۆمینە نەهێنین بڕۆین تۆزی پیاسەبکەین؟

ـ ها ئەوە دووسەوپەنجا بەس ئەو قسەیە لە مێشکت دەرکە، دەوەرە شێت مەبە، من خەم و خەفەتی ئەوین تێکی داوم...

شەماڵ : ـ بۆتۆ چایەی تێکدرابی بەقوربان؟؟ ئی ئەگەر ئەو کچە بهێنی خەڵک هەمووی ئەڵێ تەماشا شێتێکی هێناوە

ـ شێت نیە نە ئەسلەن گرینگ نیە کە خەڵک چی ئەڵێ و چی ناڵێ بەڵکو ئەوە گرینگە کە ئایە من لام گرینگە کە خەڵک چی ئەڵێ و چی ناڵێ...

ئاکام.ئاکام بڵێ چی ، ئەو کاتژمێرەی کە تۆ بەدیاری یابووت پێم ، پێری کاتەکەی وەستابوو !

ئاکام :ـ ئی ئەوە بزانە پیلەکەی سووتاوە

هێدی :ـ ئەی سڵاوت لێبێ ، ئەوە...
ئەوە..چۆن ئەزانێ ؟ بەڕاستی بەڕاستی ئائێستا حەزم ئەکرد من مامۆستای تۆ بام تا وەکو دوو نمرەت بەمێ لەسەر ئەو زیرەکییەت..
ـ دەی خۆ وایە..
ـ ئێ بەدڵنیاییەوە وایە پیلەکەی سووتابوو ، ئی منیش خۆتەزانی تۆ وەک برای من وای دیاریت بۆ هێناوم خۆ لەناوی نادەم وایە؟
ـ بردت پیلت خستە سەری ؟
ـ کورە نەبابە... فڕێم دابوویە ناو تەنەگەی زبڵەوە... کورە هەر ئەوەنە بێرەحمانە فڕێم دایە ناوی بەزەییم پیاهاتەوە جیالەوەش ئەمم بەیانیە سەیارەی خۆڵەکە بەبەرچاو خۆمەوە بردی...
ئاکام دەستی کردە پێکەنین و وتی :ـ بەداخەوە بەداخەوە...
شەماڵ:ـ جا ئەو ئادای برایەتی ئەزانێ.. دوێنێ شەو...
قسەکەم پێبڕی :ـ نە نە نە نە نا نا نا زۆر زۆر دورە لە ڕاستیەوە دوێنی شەو چی.. ها چی ؟
یانی ئاکە، تۆ باوەڕ ئەکەی من دوێنێ شە...((دەنگی پیاکێشانی پول بەتەختەیا))
ئاکام:ـ دووچوار تۆپی !
ـ ئەهۆ بەزمەکەیە، باشە ئەوە ناکرێ ڕوناکییەکان بۆ چەن چرکەیەک بکوژێنمەوە؟ چونکە هەستەکەم دووچوار لای منە...
شەماڵ:ـ ئەڵێم بۆ بانگی ڕێبە نەکەم بێت بۆئێرە ؟
ـ ڕێبە؟... نا بانگی مەکە...
ئاکام :ـ بۆ خۆ کوڕێ چاکە...
ـ کورە کوڕی چاکە بەس کاکە کابرا زیرەکە زانستی پێیە ناوێری لەبابەتێکی زانستیدا لەخۆتەوە دوو قسەبکەی یەکسەر ئەڵێ وانیە، ڕێک لەناو مەجلیسا ئەوکاتە دڵۆپی ئاو...ئی خۆ ڕاستیشەکا وانیە...

ئاکام:ـ دەبا بانگی بکەین بێت بۆ لامان..
ـ کورە دە ئاا ئاا بانگی کە خۆ چیە. خۆ نامان خوا، کورە با بشمانخوا خۆ چیە کابرا برادەرە..
دوای ئەوەی بانگی ڕێبەمان کرد ئەویش هات بۆلامان ئیتر ئێمە وازمان لە دۆمینە هێنا و دەستمان کرد بە قسەکردن.

کاتژمێرێکی دی لەوێ مامەوە و گەڕامەوە بۆماڵەوە، پاشانیش خەوتم تا بەیانی سپێدە کە هەستام ، ڕۆشتم بەلای کار و کێشەی خۆمەوە.
ڕۆژەکان دەستیان کرد بە ڕۆشتن ڕۆژێ ، دوان ، دە ، بیست ، سی ،مانگێ دوان سیان ، وە بوشرام لەو ڕۆژەوە نەبینیەوە...
ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژەداتێپەری کە بوشرام تیابینی بوو، ماڵەوە داوایان لێم ئەکرد کە ژن بهێنم بەڵام من یەشتا ئەوم نەدۆزیبوویەوە هەر بۆیە هەموو جارێ ئەم وت :ـ جاری ژن نایەنم..

هەر بۆیە ماڵەوەمان بریاریاندا بڕۆن بۆ داخوازی ژن بۆ شەماڵی برام .
ماڵی کچەکە خزممان بوون. خاڵم کچێکی هەبوو بەناوی ڕووکاڵ،
جا ئێمەش ڕۆشتین بۆ ماڵیان و ئەوانیش ڕازی بوون.
هەفتەیەکی نەبرد، مارەبڕینیان کرد و بوون بە هاوسەری یەکتر! ...

بەڵام شەماڵ یەشتا ئەوی نەگواستبوویەوە چاوەڕێی ئەوەبوو خانووەکەی تەواوبکات و پێکەوە بڕۆنە سەر ژیانی خۆیان تەواو بوونی خانوەکەش بەنزیکەی دوومانگی مابوو !

***

بوشرا:-

کاتێ کە باوکم جێی هێشتم من لەناخی خۆما ئەم وت ئەمەی دەیبینم خەوە بەڵێ ئا.. خەوە و کەمێکی تر بەئاگا دێم،

بەڵام چەن ڕۆژێک تێپەڕێ بەسەر مردنی باوکما بۆم دەرکەوت کە خەو نیە ، بەڕاستی هیچ شتێ هێندەی ئەوە ناخۆش نیە کاتێ مرۆڤ بەدوای بیانوویەک دائەگەڕێ بۆ دوری دۆستێکی وە سەرەنجام هیچ بیانوویەکی دەست ناکەوێ و دەستەپاچە دائەنیشێ....

بەڵێ ئێستا ئەتوانم بڵێم کە، من لە نێو جەنگەڵێکا ونبووم کە

جەنگەڵێک لە جیاتی دار پڕە لە ترس پڕە لە خەمۆکی پڕە لە نائارامی بێسنوور، مەگەر ئەم جەنگەڵەی من باسی ئەکەم ترسناک ترین جەنگەڵی کەیان[1]نیە؟؟ ، چەن ناخۆشە کە ، هەزاران هیوا و ئاوات لە دڵتدا هەبێ. بەڵام لێدانێکی ڕابردوو یانیش ئازارێکی بەردەوامی مێشک ڕاتبکێشێتە تاریکیەوە و نەتوانی بە ڕووناکی هیواکانت بگەی، لەژوورە تاریکەکەم هەستامە سەرپێ و گڵۆپەکانم داگیرساند و چومە دیار ئاوێنە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو نەڕۆشتبوومە دیداری..

سەیری ئاوێنەم کرد هیچم نەبینی تەنیا ڕووخسارێکی وشک بوونەبێ لەگەڵ قژێکی پەرشوو بڵاو ڕێک وەک قژی شێتێک وابوو، زۆر جار حەزەکەم بڕۆمە ناو ڕاستی شوێنێکی پڕ لە مرۆڤ و بەدەنگی بەرز بڵێم :

ـ من زریانێکی توند کە پێکەنین و شادی لەناوئەبا لەناو مێشکم دایە کە بەڕاستی تەواو تەواو ماندووی کردووم..،

خولاسە[1]، ساڵێک چوو بەسەر مردنی باوکما،ڕاستی من شووکردنی ڕووکاڵی هاوڕێم زۆر پێ خۆش بوو

بەڵام لەڕۆژی ئاهەنگی مارەبڕینەکە ئامادە نەبووم ، نەمویست بچم ڕۆژێکی دی بەجیا پیرۆز باییم لێکرد...

کەیان[1] : دونیا

ئیستا یانزه ڕۆژ له مارەکردنی ڕووکاڵ تێپەڕیوه، وه من داوام له ڕووکاڵ کردوه. که دوای خوانی نیوەڕۆ بێت بۆ ماڵ ئێمه کەمێک پێکەوه دەمەتەقێ بکەین..
من لەگژی ئامادەکاری بووم بۆ هاتنی ڕووکاڵ لەوکاتەیا زەنگی دەرگا لێیَ دا، ڕۆشتم دەرگام کردەوه، ڕووکاڵ بوو، باوەشێکم پیاکرد و بەخێرهاتنم لێکرد بۆ ژوورەوه، ئیتر دەستمان کرد بەقسەکردن ، و دەمەتەقێ، لەناو ڕاستی گفتوگۆکەیا، ڕووکاڵ وتی:ـ بوشرا هیچ ئامۆژگارییەکت نییه بۆئێمه؟؟
ـ ئامۆژگاری ؟
ڕووکاڵ:ـ بەڵێ. .
ـ ئئئئئئـ .... ژنان بەزمانیان دڵی پیاوەکان بریندار ئەکەن پیاوەکانیش به دەست لاشەی ژنەکانیان بریندار ئەکەن. ئامۆژگاریم ئەوەیه بۆتان که ئاگاداری زمان و دەستان بن..
کەمێک تێمڕاما پاشان بەگاڵتەوه وتی :ـ ئەرێ کچێ بۆ چی به برای مێردەکەم نەڵێم بێته داوات وەره بەقسەم که باپێی بلێم ، بڕوات هەبێ ئەوەنده کەسێکی باشه ئەوەنده قسەی خۆشه لەگەڵ ئەوابیت بەس پێئەکەنی ، بەشکم بەویستی خوا لەم دەردەش ڕزگاربیت

بزەیەکم کرد و وتم :ـ ڕووکاڵ توخوا گاڵته مەکه جاری هیچ ئازەرووی شوکردنم نیه

ـ ئێ پێویسته تۆش خەمی لەخۆت بخۆی دەی دەی بەگوێمکه...
ـ ئـــ ڕاستیەکەی منیش واهەستەکەم بەڵام نازانم بلێم چی
ـ بڕوات هەبێ ئەو کوڕه میمکەم زۆر قۆزه که ئەکاته شووبرای من ناوی هێدیه... جا ئەڵێم وەر.... ((قسەکەم پێبڕی))
ـ هێدی ؟؟

ڕووکاڵ ـ بەڵێ ناوی هێدیە !   : ـ هەستەکەم پێشتر ناویم بیستوە...
ڕووکاڵ نیوەی چاوی نووشتانەوە و تەماشای پێش خۆی ئەکرد ،
ڕووکاڵ :ـ نا هەڵەی، ئەوان ماڵیان لەم گەڕەکە نیە. لەو بڕوایە نیم هەرگیز
چاوتان بەیەک کەوتبێ !
ـ ئم وایە لەوانەیە هەڵەبم..
دوای ئەوەی ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین ڕووکەڵ هەستا و ڕۆشت،
ئەوڕۆژە تێپەری و بۆ ڕۆژی دوایی من کەمێک هەستم بە بێ تاقەتی کرد
تەماشای کات دەکرم نزیکی عەسرە ، هەر بۆیە لە ماڵ هاتمە دەرەوە و ڕۆشتم بۆ
لەناو ئەو باخچەیەی کە هەموو جار من و ڕووکاڵ ئەڕۆین بۆی ،
لەوێ دانیشتم و موبایلەکەم دەرهێنا و پەیوەندیم بە ڕووکاڵەوە کرد...
ـ ئەلوو..
ڕووکاڵ :ـ ئەلوو فەرموو بوشرا...
ـ لەناو باخچەکەم ئەتوانی بێی بۆ ئێرە کەمێک بێ تاقەتم..
ـ باخچە؟؟ کام باخچە؟
ـ کامەبێ ئیتر.. هەر ئەوەی تەنیشت شەقامی سەرەکی....
ـ ئاخر.... من ئیستا لە چێشتخانەیەکم لەگەڵ خۆم... کورە نانا مەبەستم
چێشتخانەیەک لەگەڵ من شەماڵ.. نا ئەوەش نیە.. ئەرێ ئەو وشەیە چۆن
دەرەبڕدرێ.. دەزانی چی.... لە من چێشتخانەم..
ـ ئێ ؟
ـ ئێ شەماڵیشم لەگەڵە..
ـ ئێ بۆخۆتان هەر پێکەوە بن خوات لەگەڵ، ((پەیوەنیەکەم داخستەوە))

زۆری نەبرد ڕووکاڵ پەیوەندی کردەوە:
ـ ئەلوو کچێ بۆ داتخستەوە تورەبووی؟
ـ بەڵێ...
ـ بۆچی ؟؟

بوشرا :ـ ... ڕووکاڵ ئەتوانی بێی بۆ ئێرە؟.. زۆر دڵم توندە هەرنا باکەسێک هەبێ کەمێک دەردە دڵی لەگەڵ بکەم..
ڕووکاڵ :ـ باشە بوشرا گیان. کەمێکی تر دێم بۆ ئەوێ. زۆرم پێناچێ..

پەیوەنیەکەم داخستەوە... نزیکی بیست خولەک لەوێ وەستام لەناکاو لەدوامەوە گوێم لە دەنگی پیاوێک بوو کە وتی :ـ سڵاو کچە جوانەکە...

***

ڕووکاڵ:ـــ

ـ باشە بوشرا گیان. کەمێکی تر دێم بۆ ئەوێ. زۆرم پێناچێ..
((پەیوەنیەکەی داخستەوە))
شەماڵ:ـ ماڵەوەبوو پەیوەنیانکرد؟
ـ نا... بوشرابوو ئەبێ هەستم بڕۆم بۆلای ئەتوانی تا لای ئەو بم گەیەنی؟؟
ـ بوشرا !؟
ـ بەڵێ کچێکی هاوڕێمە

شەماڵ چاوەکانی زەقبوویەوە و گوتی :ـ پرسیارێک؟
ـ فەرموو؟
ـ ئایە ئەو بوشرایە نەخۆشی دەروونی هەیە ؟؟
ـ چی... ئـ... تۆ چۆن ئەوە ئەزانێ ؟؟؟
ـ بڵێ بزانم نەخۆشی دەروونی هەیە یان نا ؟؟
ـ بەڵێ بەڵام چۆن ئەوەت زانی ؟؟؟

***

هێدی :ـ

سەیارەکەم لە بازار لە نزیک دووکانێک ڕاگرتبوو لەگژ بووم هەندێک جوانکاری بۆ سەیارەکەم بکرم لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا

((هەڵمگرت))

شەماڵ بەدەنگی بەرز وتی :ـ ئەلوو ئەلوو کورە هێدی....

ـ هێواش هێواش ئاوا ناتوانی بێیتە ئەم دیوەوە...

ـ کورە بڵێ چیم کردوە... شتێکم کردوە باوەڕناکەی !

ـ چیت کردوە براڕۆ...

ـ بوشرام دۆزیەوە...

ـ چیییی ؟؟ ((موبایلەکە لەدەستم کەوتە خوارەوە))

موبایلەکەم هەڵگرتەوە :ـ ئەوە بەڕاستیتە ؟؟ لەکوێیە ئیستا؟

ـ لەباخچەی..... تۆ بڕۆ بۆ ئەویَ من و ڕووکاڵیش وا هاتین...

***

لەماوەی کەمتر لە بیست خولەکا خۆم گەیاندە ئەو ناو نیشانەی کە شەماڵ پێی دابووووم، دوای گەڕانێکی کەم کچێکم بینی کە بە کزۆڵی لەسەر کورسیەک دانیشتووە، دڵنیابوومەوە کە خۆیەتی، هەر بۆیە بە ڕاکردن بەرەولای چووم بەڵام شتێک وایلیم کرد کە بوەستم..

کوڕێک کە پێئەچوو چەن ساڵێک لەمن گەورەتر بێت. نزیک بوویەوە لە بوشرا، منیش لەپاڵ دارێکا خۆم حەشار دابوو تەماشای دیمەنەکەم ئەکرد، بەڵام نەم ئەتوانی گوێبیستی هیچ قسەیەک بم،

وای وای ، من وامزانی ڕووکاڵ و شەماڵ هەموو شتێکیان بە بوشرا وتووە بۆیە بوشرا لێرەیە بەڵام وانییە، بوشرا هەر ئاگای لە بابەتەکە نییە بەلکو ئەو چاوەڕێی ئەو کوڕە بووە کە ئیستا لەبەردەمیدایە((ئەم قسانەم لەدڵی خۆما کرد))

لەناکاو بوشرا دەستی کرد بەگریان، وە بەدەنگی بەرز وتی :ـ ـ وازم لێبێنە ئەرێ دە وازم لێبێنە تۆم ناوێ نا...تێبگە باران من تۆم ناوێ...

کوڕەکەش دەنگی هەڵبڕی و بەتوڕەییەوە وتی :ـ حەدت چێ منت ناوێ شەرتبێ وازت لێنایەنم چی خراپە پێت ئەکەم
((بوشرا گریانەکەی زیادی کرد)) کەمێک وەستا لەشوێنی خۆی و بەچاوەکانی تەماشای کورەکەی ئەکرد، دواتر بەخێرایی لەدەستی هەڵهات و ڕایکرد
کوڕەکەش بەشوێنی کەوت، وە منیش بە دوایان کەوتم،

هەرکە ڕام کرد لە دواوە دەنگی بانگ کردنی شەماڵ و ڕووکاڵم بیست کە بانگی منیان ئەکرد بەڵام من ئاوڕم نەدایەوە،
بوشرا ڕایکرد و لەباخچەکە چووە دەرەوە، دواتر ویستی زیاتر دووربکەوێتەوە هەر بۆیە چوە سەر قەشامی سەرەکی کە شەقامێکی خێرابوو،
((دەنگی هۆڕینی سەیارە))
سەیارەیەک بەخێراییەکی زۆر خۆی کێشا بە بوشرایە کە دوو مەتر هەڵێ دا، من کە ئەودیمەنەم بینی کەمێک وەستام پاشان بەخێراییەک کەلە جاری یەکەم خێراتربوو بەرەو ڕووی ئەو کوڕە ڕام کرد کە لەنێوباخچەکە بە شوێن بوشرا کەوتبوو تا لێی نزیک بوبومەوە،
ئەوئاگای لەوە نەبوو من بەخێرایی بەرەوڕووی دێم هەر کە هەستێ کرد شتێک بەرەوڕووی دێ شەقێکم پێیدا کێشا و خستم بەزەوی دا
پاشان بە بۆکس کەوتمە سەرگیانی.
کورەکەش هەر دەیویست بەرگری لەخۆی بکات بەڵام نەی ئەتوانی
شۆفێری سەیارەکە دابەزی لەناو سەیارەکە بینیتی کە بوشرا لەسەر زەویەکە کەوتوە، هەتا خۆی توانی قیژاندی... پاشان سەری لێشێوابوو نەی ئەزانی چی بکات، تا وەکو ڕووکاڵ و شەماڵ لەم دیمەنە نزیک بوونەوە و ڕووکاڵ بە ترساویەوە چوو بۆلای بوشرا و شۆفێرە ئافرەتەکە...

منیش وازم لە کوڕەکە ناهاورد هەر لێم ئەدا،
ڕووکاڵ هاواری کرد وتی :ـ هێدی! ... بوشرا مرد...
شۆفێرەکە ئافرەتەکە ڕەنگی سپی هەڵگەڕا بەجۆرێک کە ڕووخساری وا دەرئەکەوت کە بەخۆی بڵێ ئەمە ئیتر کۆتایەمین جارە من تیشکی خۆر دەبینم، لە چاوەکانیەوە هەستم کرد کە دیمەنی ساتی چوونە زیندان دەهێنێتە پێش چاوی خۆی...

بەشی دوو

به هەڵەداوان بەرەو لای شوێنی ئەو دەنگە ڕۆشتم کە وتی:ـ بوشرا مرد...
نزیک بوومەوە لێیان و تەماشای بوشرام کرد،
بینیتم خوێن بە دەموو لوتیا دێتە خوارەوە و لەسەرخۆ هەناسەئەدات
ـــ هەناسە ئەدا... خۆ ئەوە هەناسە ئەدا.. بەخوا هەناسە ئەدا یەشتا نەمردوە..

ڕووکاڵ :ـ بەدرۆ وتم مردوە تا واز لە لێدانی باران بهێنی لەگژبوو بیکوژی
بەتورەیەوە وتم :ـ کوشتی چی ڕووکاڵ توخوا تۆ تەواوی!؟
ڕووکاڵ :ـ ئەی ئەوە چییە لە ناو دەستت ؟

تەماشای دەستم کرد چەقۆیەک لە ناو دەستەکانم بوو دیار بوو لەتوڕەییا ئاگام لە خۆم نەمابوو چەقۆکەم لە گیرفانم دەرهێناوە و بەبێ ئاگایی نیازی بەکارهێنانیم بووە،

پاشان نزیک تر بوومەوە لە بوشرا و سەریم خستە سەر ڕانم ، دواتر بە کراسەکەی بەرم خوێنەکەی ڕووخساریم سڕیەوە ،خەڵک وردە وردە لێمان کۆبوویەوە و تەماشامانیان ئەکرد..
ـ دەی ئەبێ زوو بیبەین بۆ نەخۆشخانە
سەرم گڕدا نزیکترین سەیارە لێمانەوە سەیارەی شۆفێرە ئافرەتەکە بوو
بەخێرایی بوشرام کردە باوەشم و دەرگای دواوەی ئەو سەیارەییم کردەوە و
بوشرام کردە ناو سەیارەکەوە .پاشان من و ڕووکاڵیش سواری سەیارەکە بووین.

شۆفێری سەیارەکە لە زەویەکە دانیشتبوو هەر بە ڕەنگ تیانەماوی وەستابوو،
شەماڵ ئەو شۆفێرەی کرد زانیتی کە زۆر ترساوە و شۆفێرێ پێناکرێ هەر بۆیە.هەستا و چوە شوێنی شۆفێر، شۆفێرە کچەکەش بە گریان و ڕاکردن لەسەیارەکە نزیک بوویەوە لە سەیارەکە و لەسەکنەوە سەرکەوت
دواتر شەماڵ سەیارەکەی پێکرد و بەخێرایی بەڕێ کەوتین بەرەو نەخۆشخانە.

بوشرا نیوەی چاوەکانی کردبوویەوە و تەماشای ئێمەی ئەکرد،
ئەو کچەکەی کە بوشرا خۆی کێشا بە سەیارەکەی دا هەموو گیانی ئەلەرزی و نەی ئەتوانی خۆی بە دانیشتەوە بگرێ تەماشایەکی دواوەی کرد و وتی :ـ توخوا من زۆرە ترسم، هیچی لێنەهاتوە ؟
ڕووکاڵ:ـ مەترسە...ان شاءالله سەلامەت ئەبێ...
شەماڵ :ـ ئارام بە خاتوون... تکایە ئارام بە.. پشتیوان بەخوا هیچی لێنایەت..

ئافرەتەکە :ـ ئاخر من زۆر ئەترسم من ماڵ و منالم هەیە ، نامەوێ بڕۆمە زیندان...

***

دوای ئەوەی بردمان بۆ نەخۆشخانە و ڕادەستی پزیشکەکانمان کرد. پزیشکەکان دوای چەن ساتێک وتیان سوپاس بۆخوا شتێکی ئەوەندە ترسانی بەسەر نەهاتووە، بۆیە خواویستی لێبێ ، بارو دۆخی باشەبێت

پاشان دوای ئەوەی پزیشکەکان جێمانیان هێشت و کەمێک هێور بووینەوە من بە ڕووکاڵم وت :ـ پەیوەندی بکە بە دایک و باوکی بوشرا با زوو بهێن بۆ ئێرە...
ڕووکاڵ:ـ بوشرا لەمێژە باوکی جەڵدە لێی داوە.. دایکیشی لەدوای مردنی باوکی زۆر خەمی ئەخوارد وە خۆشی شەکرەی هەبوو، ئیدی ئەو خەمخواردنەش نەخۆشییەکەی بەرز کردنەوە ئەویش مردوە... ئیستا پەیوەندییم کرد بە هەندێک خزمی بوشراوە بەڵام تائیستا کەسیان وەڵامی پەیوەندییەکەمیان نەداوەتەوە...

دوای قسەکانی ڕووکاڵ زیاتر هەستم بە بێتاقەتی کرد بۆ بوشرا لەسەر کورسییەک لەکوردسیەکانی نەخۆشخانە دانیشتم و سەرم خستە نێو دەستەکانمەوە...

ڕووکاڵ وتی :ـ هێدی چۆن ئەمە ڕووی دا ، بۆچی بوشرا ڕای کرد بۆسەر شەقامەکە ؟

ـ باسی مەکە هەر باسی مەکە....

شەماڵ:ـ لەنێو ئەو باخچەیە چی ڕووی دا هێدی ؟؟

هێدی:ـ نازانم چۆن بڕۆمە ناو بابەتەکەوە.....

دەستم کردە بیرکردەوە پاشان وتم دوای ئەوەی کە ئێوە پێتان وتم بوشرا لەوێیە منیش ڕۆشتم بۆ ئەوێ ، دواتر بینیم کوڕێک لێی نزیک ئەبێتەوە، سەرەتا وامزانی خۆشەویستی یەکن ، بەڵام بوشرا ڕەتی کردنەوە چارەی ئەو کورە ببینێ ، دواتر دەستی کرد بەگریان و هەڵهات ، وە چووە سەرشەقامەکە و ئاگای لەوە نەمابوو کە شەقامەکە سەیارەی لێیە ، هەر بۆیە چوە بەردەم سەیارەکەی ئەو ئافرەتە...

شەماڵ:ـ دەی دەی تێپەری سوپاس بۆخوا پزیشکەکان ئەڵێن بارودۆخی باشە...

ڕووکاڵ :ـ ئەو کوڕەی باخەکە باران بوو ، وا دیارە پەشیمان بوەتەوە لەوەی بوشرای جێهێشتوە....

هێدی : ـ خۆشەویستی یەکتربوون؟

ڕووکاڵ :ـ بەڵێ.... بەڵام باران ئەوی جێهێشت ئیستاش گەڕاوەتەوە..ئی بوشراش دیارە نەیویستوە بگەڕێتەوە هەر بۆیە لە دەستی ڕای کردوە...

دەنگێک :ـ ئەو بارانەی باسی ئەکەن مێردی منە!!

((هەموومان بە واقوڕماوی ڕوومانکردە ئافرەتەکە))

ئافرەتەکە:ـ ماوەی یانزە مانگە هاوسەرگیریمان کردوە، ((وەستا لەقسەکردن)) پاشان بەنزمی دەستی کردە گریان و وتی :ـ پێش ئەوەی بەسەیارە خۆم لەو کچە داماوە بدەم ، باران پەیوەندی پێوەکردم و وتی قسەی زۆر جوان و ڕازاوەی کرد وە وتیشی دەمەوێ هەموو شت چاک بکەمەوە و ئاشت بینەوە،

ئیتر كە ناونیشانەكەی پێدام ، منیش زۆر دڵخۆش بووم هەر بۆیە بەخێراییەكی زۆر لێم ئەخوڕی و هاتم بەرەو ئەو باخچەیە تا وەكو باران ببینم ،
سەری داخست و دەستی كردە بیركردنەوە پاشان وتی :ـ هەموو ڕۆژ ئەخواتەوە.. بەبەردەوامی سەرخۆشە

ڕووكاڵ:ــ ئەی ئێستا ئەتەوێ چیبكەی دوای ئەمەی ڕووی دا ؟
ــ مەبەستت دوای ئەوەی داوای لەبوشرا كرد بگەڕێتەوە ؟؟
ڕووكاڵ :ــ ئا.بەڵێ....
ــ بوشرا یەكەم كەس نیە باران ئاوای بەسەر بهێنی!
هێدی :ــ چیی ؟ چۆن یانی ؟
ئافرەتەكە :ــ ئێوە باران ناناسن، ڕۆژانە ڕێ بەكچێ خەڵك ئەگرێ، دەست بۆ ئاوڕووی خەڵك ئەبات ، ژمارەی كۆمەڵێك ئافرەتی لایە جار ناجار ئەڕوات بۆماڵیان كاری خراپەیان لەگەڵ ئەكات...
هەموومان بەقسەكەی حەپەسایین پاشان پێكەوە وتنمان ((چیی!؟))
شەماڵ ڕووخساری ئاسیی بوویەوە و وتی:ــ ئەی تۆچۆن...((ڕووكاڵ قسەكەی پێبڕی))
ڕووكاڵ:ــ ئاخرب....   ((ئافرەتەكە قسەی بە ڕووكاڵ بڕی))
ئافرەتەكە:ــ لەسەرخۆبن... خۆم هەمووشتێك ئەڵێم !
پاشان بەردەوامبوو لەقسە:ــ من ناتوانم لێی جیاببمەوە وەلێ هەوڵی خۆم ئەدەم....
ــ بۆچی ناتوانی؟؟
ئافرەتەكە :ــ ...
هێدی:ــ بۆ ناتوانی لێ جیاببیتەوە دادە ؟
ئافرەتەكە:ــ ناپیاوە ڤیدۆی ڕووتی منی گرتوە ، هەڕەشەی لێكردووم ئەگەر هەركاتێك جیاببمەوە ڤیدۆكان بڵاو ئەكاتەوە، ڤیدۆكانیشی ناردووە بۆ هاوڕێیەكی نەناسراو، بۆئەوەی هەركاتێك كە دەنگم لێوەهات، بڵاوی بكاتەوە
هەمیشە بەدوای چارە سەرێك ئەگەڕێم بەڵام تائیستا چارە نییە...

هێدی :ـ ئەتەوێ لێی جیاببیتەوە ؟؟
ـ بەڵێ من ئەوەم دەوێ..
ـ باش بەڵێن بێت ئێمە یارمەتیت ئەدەین...   ئافرەتەکە :ـ هیوادارم
شەماڵ :ـ ئێمە یارمەتی ئەدەین ؟؟ ئێمە چۆن یارمەتی ئەدەین هێدی ؟؟ ئەوە تۆ ئاگات لەخۆتە ؟؟
هێدی :ـ ئەی چیبکەین ؟ بەتەنیا جێی بهێڵین لەناو ئەم کێشەیە؟؟
شەماڵ :ـ ئێمە ناتوانین یارمەتی بدەین، ئێمەخۆمان کێشەی ترمان هەیە...
ئافرەتەکە :ـ کاک هێدی ڕەنگە هاوڕێکەت ڕاست بکا...
ـ ئەوە برامە...تۆ گوێ بۆ قسەکانی ئەو مەگرە.من یارمەتیت ئەدەم....

هێدی :ـ ئیستا بڵێ بزانم ناوت چییە خوشکی گەورەم؟؟
ئافرەتەکە :ـ شیرین..
ـ شیرین... دادە شیرین لەکەیەوە هەڕەشەت لێئەکات ؟ ئەسلەن بابڵێم لەکەیەوە دەستی داوەتە ئەم کارە خراپانە ؟
شیرین :ـ نازانم لەکەیەوە لەگژی کاری خراپەیە بەڵام ماوەی دوو مانگە هەڕەشەم لێئەکات... منیش ڕۆشتبوومەوە بۆماڵی باوکم ، وەلی دایک و باوکم نازانن من لەبەرچی هاتوومەتەوە وا ئەزانن کە شەڕێکی بچووکمان کردوە و بەس، بەردەوام ئامۆژگاریم ئەکەن کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆم بەڵام من بە گوێییان ناکەم...
ـ ...
شیرین :ـ وە ئەو بارانە چەن ڤیدۆیەکی منی لایە کە بەبێ ئاگایی من گرتوویەتی ئەمن ئیستا ڕۆشتومەتەوە ماڵی باوکم نایەڵم هیچ ڤیدۆیەکی ترم بکات ، بەڵام بەو کۆمەڵە وێنەیە...ببورە. بەو کۆمەڵە ڤیدۆیە هەر هەڕەشەم لێئەکات، هەندێ جاریش داوام لێئەکات پارەی بۆ بدزم لەماڵ باوکم و بیدەمێ..
ڕووکاڵ :ـ واییی لە چی حالێک دای کچی جوان
شیرین وتی :ـ بەڵێ ، حاڵم زۆر زۆر خراپە..
هێدی:ـ ئەی ئیستا ڤیدۆکان لەکوێیە ؟؟

شیرین :ـ هەر وەک وتم ڤیدۆکان لای کەسێکی نەناسراوە..
ـ خۆی هیچ ڤیدۆیەکی لانەماوە ؟؟
ـ نەخێر لای نییە. ئەویش بۆئەوەی ئاشکرا نەبێت

شەماڵ :ـ کاک هێدی فەرموو بڵێ بزانم ئیستا چۆن ئەتوانین یارمەتی بدەین؟ ڤیدۆکان لای کەسێکە کەئەسلەن نازانین کێیە، وە ئەگەر باران خۆی بگرین و چینێکی لێبدەین ، کورە ئەگەر بیشی کوژین ، ئەوکەسە نەناسراوە لەلایەکی ترەوە ڤیدۆکان بڵاو ئەکاتەوە..

هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی و وتم
ـ نازانم... نازانم...

شیرین :ـ تکاتان لێئەکەم یارمەتیم بدەن...
ـ تۆ خەمت نەبێ..
، ڕووکاڵ :ـ ڕاستەکا تۆ خەمت نەبێ گیانەکەم... ئێمە یارمەتیت ئەدەین ئەی وانیە شەماڵ ؟
شەماڵ ئاهێکی هەڵکێشاو وتی :ـ با.. منیش پێموایە ئەبێ یارمەتی بدەین...

پزیشکێکی ئافرەت هات بۆ لامان، ئێمەش هەموومان دەورمان لێیدا پاشان من وتم:ــ خاتوونی پزیشک چی بوو حاڵی باشترە ؟

پزیشکەکە بزەیەکی کردو وتی:
ـ بارودۆخی نەخۆشەکەتان زۆر باشە، سوپاس بۆخوا هیچ شوێنێکیشی نەشکاوە..

هێدی :ـ بەڕاست !؟.... ئەی . ئەی کەی ئەتوانم چاوم پێی بکەوێ ؟
پزیشکەکە تەماشایەکی دواوەی خۆی کردو وتی :ـ ئمممم، ئیستا بێهۆشە، کەی بەهۆش خۆی هاتەوە ئەتوانن بیبینن.....
ـ زۆری پێئەچێ تا دێتەوە هۆش خۆی ؟؟
ـ ئـــــ . نازانم... بەڵام لەوانەیە چەند کاتژمێرێکی بووێ
ــ ئەی کەی ئەتوانم بیبەمەوە ؟
پزیشکەکە :ـ بەیانی ئەتوانن بیبەنەوە...
ڕووکاڵ :ـ باشە سوپاست دەکەین دادەگیان...

دانیشتینەوە لەشوێنی خۆمان...
تا وەکو بانگی ئێوارە تێپەری ئێمە دانیشتبووین هەرکەس لەلای خۆیەوە سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو ، بەتایبەت شیرین کە بیری ئەکردەوە و خۆی ئەخواردەوە.
کەمێکی تر وەستاین تاکو کۆمەڵێک دەنگ بە خاوەنەکانیشانەوە بەرەولای ئێمە نزیک ئەبوونەوە
ڕووم کردە ڕووکاڵ :ـ باشە تۆ وتت خزمەکانی بوشرا نایەن...
شیرین :ـ کەسوکاری منە....

لێمان نزیک بوونەوە و دایکی شیرین بەگریانەوە شیرینی گرتە باوەشی، باوکی و ئەوانی تریش هاتن بۆلای من و شەماڵ دەستیان کرد بە پرسیار کردن و لێکۆڵینەوە لەشێوازی ڕووداوەکە

***

چەن کاتژمێرێک هەموومان لەویا ڕاوەستاین نەخۆشخانەکە وردە وردە جەنجاڵ ئەبوو
هەر بۆیە پێویست بوو هەندێکمان ئێرە جێ بێڵین..

شەماڵ و ڕووکاڵ لە سووچێک وەستابوون ڕووکاڵ بە شەماڵی وت :ـ دەی بەهێدی بڵێ...
شەماڵیش بەپێکەنینەوە وتی :ـ دەباشە باش بۆ ئەوەنە پەلەی ڕۆشتنەوەتە..
بەڕووخسارێکی بێتاقەت لێیان نزیک بوومەوە شەماڵ وتی:ـ چییە شێرەکوڕ.
گاڵتە و قسەخۆشەکانت نەماوە ؟ خۆ پزیشکەکان ئەڵێن بوشرا باشە...
ـ تا بەچاوی خۆم نەیبینیم دڵم ئارام نابێتەوە...
شەماڵ ـ باشە بەدڵی خۆت
دواتر وتی :ـ هێدی سەیارەکەی من و تۆ لای پارکەکە لەسەر شەقامەکە جێماوە
من و ڕووکاڵ ئەڕۆین سەیارەکان ئەبەینەوە بۆ ماڵەوە...
هێدی:ـ ئی زۆر باشە ڕاستی من بیری سەیارەکەمم هەرنەبوو، بەس شتێک..
چۆن هەردوو سەیارەکە ئەبەنەوە ماڵەوە ؟ ڕووکاڵ توانای لێخوڕینی سەیارەی هەیە ؟؟
ڕووکاڵ :ـ بەڵێ بەڵێ کاک هێدی...
ـ بەڵام سەیارەکەی من گێرعادییە پێم وانیە تۆ لێی بزانی...
ڕووکاڵ :ـ نا من سەیارەکەی شەماڵ لێ ئەخوڕم شەماڵیش سەیارەکەی تۆ..
هێدی:ـ باشە تەواوە...
سویچی سەیارەکەم دایە دەست شەماڵ، پاشان وتم :ـ شەماڵ ، ڕووکاڵ لەبیرتان نەچێ بەیانی زوو وەرنەوە ها....

ڕووکاڵ:ـ خەمت نەبێ، هەرخۆی ئیستا کارێکی زۆر گرینگم هەیە ئەگەر نا ناڕۆشتم، بەڵام بەڕاستی زۆر گرینگە، بەیانی بەخێرایی لەگەڵ شەماڵ دێین بۆ ئێرە...

دوای ئەوەی ئەوان ڕۆشتن کەسوکاری شیرین مایەوە، ئەوانیش دوای ساتێکی کەم هەموویان ڕۆشتنەوە و تەنیا شیرین مایەوە..

هەر دووکمانن دانیشتینەوە

شیرین :ـ کاک هێدی...

ـ بەڵێ ؟

ـ ئەزانی کە....

پزیشکێک لە دوورەوە هات ئەمەش وای کرد دادە شیرین قسەکەی ببڕێت پزیشکەکە لێمان نزیک بوویەوە و وتی :ـ ئێستا نەخۆشەکەتان بەئاگا هاتۆتەوە و ئەتوانن ببینن ،

***

بوشرا:ـ

((چاوەکانم کردنەوە))، هەستم بەسەر ئێشەیەکی زۆرئەکرد و نەمئەزانی بۆچی سەرم دێشێت.. چاوم گڕدا بەو ژوورەی کە لێی بووم بۆم دەرکەوت من لەنەخۆشخانەم، بەڵام بۆچی ؟.. من چیەکەم لێرە ؟

تەمەشای جلوبەرگەکەم کرد پۆشاکێکی شینی نەخۆشەکانی نەخۆشخانەم لەبەربوو،

دەستم برد بۆ سەرم ، سەرم بە لەفاف پێچرابوویەوە!، هەر بۆیە هەوڵم ئەدا شتەکان بهێنمەوە بیر خۆم...

باران.... باخچەکە. ... دواتر ڕاکردن...

ـ من تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بوومە؟؟

بەدەنگێکی بەرز وتم :ـ سڵاو... سڵاو... کەسی لێیە؟

دوای کەمێک پزیشکێکی ئافرەت هاتە ژوورەوە،

پزیشکەکە :ـ سوپاس بۆخوا لەکۆتاییا بەئاگا هاتییەوە... پێم وابێ ئیستا بارودۆخت زۆر باشە...

ـ من چیم بەسەر هاتوە ؟؟

ـ تووشی ڕووداوێکی بچووک بووی و بەس مەترسە تەندروستیت باشە...

ـ ئەی باران لەکوێیە ؟؟ پزیشکەکە :ـ باران ؟ باران کێیە ؟

ـ هیچ کەسێک لەدەرەوە چاوەڕێی من نیە ؟؟؟

ـ با خزمەکانت هەمووی لەدەرەوە چاوەڕێتن ئەگەر دەتەوێ بانگیان دەکەم بێنەژوورەوە

بوشرا :ـ خزم ؟؟

ـ بەڵێ...

ـ نا. نا. هەڵەی، تۆ بەمن بڵێ باران لەکوێیە؟؟
پزیشکەکە :ـ مەبەستت ئەو کوڕەی دەرەوەیە کە چاوەڕێتە؟؟
ـ کوڕێک چاوەڕێی منە ؟ بەڵێ.. ئا، ئەوە تکایە بانگی بکە بێتەژوورەوە...

پزیشکەکە بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕۆشتە دەرەوە...
چەن خولەکێک تێپەرێ تا وەکو دەرگاکە دووبارە کرایەوە و دووکەس هاتنە ژوورەوە،
من بە قووڵی لێیان ڕامابووم ئەوانیش بە هەمان شێوە... من لەحاڵەتێک دابووم کە بە تەواوی بەهۆش خۆم هاتبوومەوە و هیچ کێشەیەکم نەمابوو بەڵام ئەو دووکەسەی بینیبووم لەناویاندا بارانی تیانەبوو، جیا لەوەش هەستم ئەکرد یەکەم جارە ئەم ڕووخسارانە ببینم!
کوڕەکە :ـ ئۆخەی... خۆ تاقەتم چوو ئەوەندە بەجدی بژیم...من کەی ئەوەندە جدی بوومە چەن کاتژمێرە یەک قسەی خۆشیشم نەکردوە...((پاشان دەستێکی هێنا بە نێو چەوانیدا وەک ئەوەی ئارەقە بسرێت))
ـ ئێوە کێن؟ کچەکە :ـ سڵاو بوشرا
کچەکە لەشوێنی خۆی لەدوورەوە وەستا و تەمەشای ئەکردم .
بەڵام کوڕەکە زیاتر هاتە پێشەوە...

بوشرا:ـ تۆ کێی ؟؟
کوڕەکە :ـ من... ؟ بوشرا :ـ بەڵێ کێی ؟؟
دەستی کردبوویە پێکەنین بەبێ هۆکار و بەئارامی لەمنی ئەڕوانی هەر وەک کەسێکی گەورە تەماشای منداڵێک بکا پاشان وتی :ـ ئێ جامن کێ نیم
ـ چیی ؟ ئەوە ئەڵێی چیی ؟
کوڕەکە زۆر ئارام دەرئەکەوت بەشێوەیەک قسەی ئەکرد وەک ئەوەی بییەوێت گاڵتە بکات لەگەڵ کەسێکی زۆر نزیکا:ـ ئـــ . شتێک
ـ چیە ؟؟
کوڕەکە :ـ تۆ منت خۆشئەوێ؟؟

ـ چی؟؟ ئەوە ئەڵێی چی ؟، تەواوی برام ؟
کوڕەکە :ـ تەنیا وەڵام بەوە ئا یان نا ؟؟
ـ بێگومان نەخێر...
ـ دەکەواتە من کەس نیم....
ـ چ ؟... زوو خۆتان بناسێنن یانیش بڕۆنە دەرەوە... من وام زانی کەسێکی تر لەشوێنی ئێوە چاوەڕێم ئەکا... کوڕەکە :ـ بۆنمونە کێ ؟
زۆر بەڕستەوخۆیی و بێ ترس وتم :ـ بۆنمونە باران... پێم وابوو ئەو کوڕەی چاوەڕێم ئەکات ئەوە...
کوڕەکە:ـ باران ؟ ((دەستی کردە پێکەنین))
پاشان وتی :ـ نا.نا باران هەرگیز چاوەڕێت ناکا. کورە نەک ئەم بارانە بەڵکو بارانی ئاسمانیش ئیستا نابارێت
ـ باشتر...
پاشان بەگاڵتەوە چاوەکەنی زەقکردەوە و وتی :ـ چی پێت ناخۆشە باران ببارێت ؟
بوشرا:ـ ئەوە ئەڵێی چی تۆ ؟ من باسی باران ئەکەم..
ـ ئێ منیش باسی باران ئەکەم.
بوشرا:ـ ئێستا باران لەدەرەوەیە ؟؟
ـ باران ؟ ناوڵله. نەباران نە بارانی ئاسمان کوڕە نەبارانی ژێر زەویش

پاشان کچەکە هاتە پێشەوە و وتی:ـ بوشرا تۆ ئێستا باشتری وایە ؟؟
ـ تۆ کێی دەقسەبکەن...وی وی.. ئەڵێی گاڵتەم پێئەکەن...ئەرێ دڵنیابم من لەژووێکی نەخۆشخانەم ؟ ئەمە زیاتر لە خەو ئەچێت...
کوڕەکە:بۆ.جوانییەکەی منت بینیوە ئیتر وائەزانی ئەمە خەوە ، ئی دەئاخر.دەئاخر....
کچەکە :ـ من شیرینم.. ئەو کوڕەش هێدیە...
بوشرا :ـ تۆ.... تۆ... ئەو کچە بووی کە خۆم بەسەیارەکەی دادا ؟
کچەکە ڕووخساری بێ تاقەتی پۆشی و وتی :ـ بەڵێ...
هەستم کرد کە زۆر دڵی شکا بەو قسەیەی کە کردم هەر بۆیە

وتم :ـ نانا خۆت خەمبارمەکە... سووچ لەمن بوو نەک تۆ، من ئەبێ دانی پیابنێم کە تۆ لەشۆفێرێکی باش ئەچی...
شیرین ـ سوپاس ، بەڕاستی زۆر ترسام شتێکت لێبێ، یانی لەگژ بوو ڕێک دڵم بوەستێ...
ـ سوپاس بۆخوا باشم. وە دڵنیام کە تۆ...
هێدی :ـ هۆو.. هۆو... منیش بوونم هەیە... بۆچی قسەلەگەڵ منیش ناکەی لەوانیە منیش لەناو ئەو سەیارەیە بووبم کە خۆی لەتۆدابوو

بزەیەکم کرد پاشان وتم :ـ هێدی.... تۆم لەبیرنەکردوە مەترسە...
ـ جا چۆن ئەبێ من لەبیربکەیت.. ئەسلەن کەتۆم هێنا بۆ ئێرە پزیشکەکان وایان زانی من خاوەنی تۆم... یانی یانی ئەتوانم ئیستا بتبمەدەرەوە لێرە کەسیش ناڵێ لەل...
((دەستم کردە پێکەنین))
شیرینیش دەستی کردە پێکەنین وتی :ـ یەکەم جارتانەیەک ئەبینین وایە ؟
بوشرا:ـ بەڵێ یەکەم جارمانە... پێم وابێ زۆر لەکۆتاجاریش ئەچێ. چونکە من حەزم لەبێدەنگییە...
شیرین بەخێرایی وتی ئەی ئەو گاڵتەکردنە چییە لەگەڵ یەک ئەیکەن ؟؟
هێدی:ـ نەبابە، یەکەم جاری چی ئەوەنە بینویمە بیزاربووم، ئەوەنەی ئەوە بینم خۆم نابینم..
بوشرا: ـ کوڕە، من لەکوێ تۆم بینیوە ئاخر.. یانیش... تۆ.... ئەها.. تۆ هێدیت..
هێدی:ـ ئی خۆ تۆزێ پێش ئیستا شیرین خان ئەوەی پێ وتیت...
ـ نا.نا.. هێدیە زۆر بڵێکەی... ئەوە لەکوێ تۆم بینی بوو؟ ئەها ناو تەکسی بوو.
هێدی :ـ ڕێکاوڕێک... توخوا مەرد نەبووم ئەوکات ؟؟
ـ وابیی...ئەو قسانە چییە کاکە هێدی تۆ ئیستاش مەردی ، بڵێ بزانم چۆن منت دۆزیەوە چۆن هاتییە ئێرە، بۆستە بۆستە، تۆ کوڕە میمکی ڕووکاڵی وایە ؟
ـ ئەی گیان...خانم تازە ئەم شتانە ئەزانێ...
ـ ئێ ئەوی؟ هێدی:ـ بەڵێ بەڵێ خۆمانین...

شیرین :ـ قسەی خۆش هەڵگرن بۆ دوایی... ئیستا قسەبکە بوشرا هەربەڕاستی حاڵت باشە؟
بزەیەکم کرد و وتم :ـ بەڵێ.. زۆرباشم کە ئێوەم بینی باشتریش بووم
هێدی:ـ بەتایبەت کەمنت بینی وایە ؟
ـ ئمممم بەڵێ.. بەڵام پێم وابێ لەوە زیاتر بتبینم چەقۆیەک ئەکەم بە گوێما...
شریین :ـ بوشرا...   هێدی:ـ بەڵێ
شیرین :ــ لێم خۆش ئەبێ لەسەر ئەوەی ڕوی دا ؟؟   هێدی :ـ نەخێر
بوشرا :ـ بەڵێ
شیرین :ـ بەڕاستی ببورە من زۆر خێرا لێم ئەخوڕی سوچی من بوو
بوشرا :ـ نا گیانەکەم سووچی تۆ نەبوو، وە لەبیریکە کەچی ڕوویداوە،
شیرین :ـ زۆر سووپاس من ئەم چاکەیەت لەبیرناکەم...

بوشرا:ـ دادە شیرین ئیستا ئەتوانی بڕۆیتەوە بۆ نێو کەسوکارت من باشم..
شیرین :ـ نانا من لەلات ئەبم تا باشتر ئەبێ
بوشرا :ـ ناگیانم ئەتوانی بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە لەوانەیە ئیستا ماڵومناڵیشت هەبێ...
شیرین :ـ نا من لات ئەمێنمەوە... تۆ وەک خوشکی بچووکی من وای ئەمەوێ چاوم لێتبێ.
بوشرا :ـ سوپاس....

تەماشای هێدیم کرد کە بەجوانی لێم ڕامابوو پێم سەیربوو لەم ماوەیەدا هیچ قسەیەکی نەکردوە ، پێئەچوو خەیاڵ بردبێتییەوە...
ـ چیە؟؟
هێدی:ـ ئـــ . نازانم تەنیا....
ـ تەنیا چی ؟؟
ـ لەبیری بکە....

هەناسەیەکم هەڵمژی و وتم :- کاتژمێر چەندە ؟؟
هێدی: ـ نزیکی یانزەی شەو ئەبێ...
ـ بەڕاست ؟... ئەی... ئەی... ڕووکاڵ، کاتێ خۆم کێشا بەسەیارەکەیا دواتر گوێم لەدەنگی ڕووکاڵ بوو. ئەو لەکوێیە ؟
هێدی :ـ ئەو ڕۆشتەوە وتی کارێکی گرینگم هەیە ئەنجامی ئەدەم...
چاوێکم گێڕدا بە ژوورەکەیا پاشان وتم ـ من دەبێ بڕۆمەوە....
شیرین :ـ چی ؟؟؟ هێدی:ـ بۆخاتری خوا ڕۆشتنەوەی چی بەم کاتە!!

ـ نا، من باشم، هەربۆیە ئەڕۆمەوە..

من لەباری نیوەدرێژبووندا بووم. وردە وردە ڕاستەوەبووم و دانیشتم، پاشان قاچم خزانە خوارەوە بۆسەر زەویەکە تا وەکو هەڵسم،

((کەمێک پەستانم خستە سەر قاچەکانم))
ـ ئاخ...

شیرین نزیک بوویەوە و لەسەر قەڵەوێرەکە لە پاڵم دانیشت و دەستی خستە سەرشانم..
شیرین :ـ گیانم زۆر ماندووی ئیستا، بەیانی بڕۆرەوە،
ـ نا دەمەوێ ئیستا بڕۆم....
شیرین :ـ تکایە بوشرا هەرنا لەبەر هێدی مەڕۆ
هێدی:ـ باسی چیەکەی، ئەو لەداخی من ئەڕوات...
بوشر :ـ نا، لەداخی کەس نیە تەنیا ئەمەوێ بڕۆمەوە...
هێدیش وەک شیرین هاتە دەف[1] من دانیشت

دەف[1] : لەلا، کن ، نک ، تەنیشت

ـ پێم وابێ ئەم قەڵەوێرەیە بۆ یەک کەس دروست کراوە!

هێدی :ـ تۆ واز لەوە بهێنە، ئیس...
ـ ئەی واز لەچی نەهێنم؟؟ ئەسلەن هیچ نەماوە بۆ واز لێنەهێنان.. من وازم لەژیان هێناوە ، وازم لەخۆم هێناوە،پێم ناڵێی چی ماوە بۆ ئەوەی وازی لێنەیەنم؟؟؟

شیرین ڕووی دەمی لەمن بوو :ـ کاکە هێدی تەنیا گاڵتەت لەگەڵ ئەکا تۆ خۆت خەمبارمەکە...
بوشرا:ـ ئەی کێ خەمبارکەم..
هێدی:ـ من خەمبارکە ، تەنیا تۆ ئارامبە و خەم مەخۆ... ، بیر لەشتێکی تر بکەوە چوزانم بیر لە شاشیخی[2] سەربانەکەتان بکەرەوە بەس خەمبارمەبە...

بوشرا :ـ فشە مەکە تۆش، خۆم لەگژە سەرم بتەقێ
هێدی :ـ ئێ بۆبۆ؟
ـ ئێ بۆ فشەئەکەی؟؟... هێدی:ـ نا. نا. ئەڵێم بۆ سەرت ئەتەقێ ؟؟
ـ کەمێک سەرم دێشێ...

هێدی تەماشایەکی شیرینی کرد و پاشان بەمنی وت :ـ برسیت نیە ؟؟
ـ کەمێک ،
شیرین :ـ کاکە هێدی بڕۆ لە خواردنگەیەک شتێکی بۆ بهێنە بیخوات، هەستم دەکرد دەشیرین کەمێک ڕەفتاری دایکانە بوو هەروەها شێوەی ڕووخساریشی دایکانەبوو
((هێدی بە پەلە هەستا بڕوات))
بوشرا:ـ نا ، نا، پێویست ناکا وەرە دانیشتە،
شیرین :ـ نا پێویست ئەکا، هێدی تۆ بڕۆ شتێکی بۆ بەهێنە. وە لەحەیبەتی ئەوەی زوو بێیتەوە بۆلای بوشرا پەلە پەل مەکە ، نەوەکو شتێکت لێبێ، هێدی بەلاچاو تەمەشایەکی منی کرد و بزەیەکی کرد و ڕۆشتەدەرەوە لەژوورەکە،

شاشیخ[2]: تەنکی

شیرین :ـ کاک هێدی کوڕێکی باش دیاره وایه ؟
ـ پێم وابێ

شیرین سەری لارکردەوە و سەیری منی ئەکرد پاشان وتی :ـ ئەو تۆی خۆشئەوێ..
ـ بەڕاست ؟ چۆن ئەزانی ؟
بزەیەکی کرد و وتی :ـ من شارەزاییەکی باشم لە دەروون ناسی هەیە، ئەو کوڕە ئاشقی تۆ بوە..   ((سەرم داخست لەشەرما))
پاشان خۆم کۆکردەوەو وتم:ـ جا چی لێبکەم
شیرین :ـ نازانم، خۆت ئەزانی، پاشان بە پێکەنینەوە تەماشای منی ئەکرد..
بوشرا:ـ من ماندووم زۆریش ماندووم تاقەتی کوڕ و شتم نیە وە نازانم دەزانی یان نا بەڵام من دایک و باوک و برام نیە. ئەبێ زیاتر ئاگاداری خۆم بم و لە هەموو کوڕێ نزیک نەبمەوە...

***

چارەگێکی برد هێدی بەپیزایەکەوە خۆی کرد بە ژوورا، هاتە پێشەوە و بە هێواشی پاکەتی پیزاکەی کردەوە و پیزاکەی لەسەر قەرەوێلەکە دانا.
بۆساتێک سەیری پیزاکەم کرد. هێدی بە گاڵتەوە خۆی مۆن کردبوو وتی:ـ چییە ئەتەوێ من پیزاکە بکەمە دەمتەوە ؟
ـ نا سوپاس بۆخوا کە دەستی پێ داوم ئاتاجی دەستی تو نیمە..
((دەستم بردبۆ پێزاکە و ویستم بیخۆم))
ـ دە بیخۆ بۆ نایخۆی چییە ئەڵێی پیزاکەت بە دڵ نییە ؟
ـ ئەزانێ کاتێ بەتەنیام پێویستم بە دوو دەستە ؟ بەڵام کاتێ لەگەڵ تۆیام پێویستم بە چوار دەستە
هێدی:ـ بۆ...؟

بوشرا:ـ ئی خۆ ئاشکرایە ، دوو دەست بۆ ئەوەی گوێی خۆمی پێبگرم دوو دەستیش بۆ ئەوەی دەمی تۆی پێبگرم. کورە ئەوە بۆ ئەوەندە قسەئەکەی ؟

هێدی:ـ دەم دەمی خۆمە و تایەی تیا ئەسووتێنم پەیوەندی بە تۆوە نیە،
ـ ئێستا بەڕێزتان کەی ڕێگە ئەدەن خواردنەکەم بخۆم ؟
هێدی : ـ تکائەکەم ، فەرموو، چی ترت ئەوێ هیچی دیکەت پێویست نیە خۆ؟ کچێ تۆ داوای بۆقێک بکە کە لە بیابانا شووی بە مراویەک کردبێ لەماوەی دوو خولەکا بۆت ئەهێنم،
ـ فشە فش،
شیرین :ـ گیانەکەم من خواردنەکە بکەمە دەمتەوە ؟
((هێدی دای لەقاقای پێکەنین))
منیش بەپێکەنینەوە وتم :ـ نا بەقوربان پێویست ناکا خۆم ئەیخۆم،پاشان وردە دەستم کرد بەخواردنی پیزاکە
شیرین:ـ هێدی بڕۆ ئاوێکی بۆ بهێنە.
هێدی هەستا ڕۆشت لەناو نەخۆشخانەکە ئاوێکی کڕی و هاتەوە دەرگاکەی کردەوە کاتێ دەویست بێتەژوورەوە

بەگاڵتەوە وتم :ـ ئۆهۆ، دیسان گلۆپی بێدەنگی کوژایەوە ، ئەرێ ئەم نەخۆشخانەیە دەرمانێکی نیە هەنێ کەس لە قسە بخا ؟؟
هێدی:ـ هیچ خۆش نەبوو. دەی ئیستاش کاتەکەی درەنگە ئەبێ پشوو بدەی.. تۆ لێرە بخەوە شیرینیش لات ئەمێنێتەوە،
ـ ئەی تۆ بۆ کوێ ئەڕۆی؟؟

ـ لەبەرامبەر نەخۆشخانە میوانخانەیەکی لێیە من ئەڕۆم لەوێ ئەمێنمەوە
تەماشای چاوەکانیم کرد ،
هێدی:ـ چییە بۆ وا سەیرەکەی ها ؟
ـ هیچ تەنیا ئاگات لەخۆت بێت،

هێدی:ـ ئەمە ڕاستییە؟   بوشرا :ـ چی ڕاستییە ؟؟
هێدی:ــ ئەوەی کە وتت ئاگات لەخۆت بێ

ـ بەڵێ ڕاستیە.ئاگات لەخۆتبێ،

ـ وای کە خۆش وا ئەڵێی، کچێ تۆ وام پێبڵێ من نەک خۆم ئاگام لە میوانخانەکەش ئەبێت، دەی دەی ڕۆشتم بەیانی زوو دێمەوە بۆ لاتان، ((دەرگاکەی کردەوە و ڕۆشت))

***

بەیانی کاتژمێر هەشت بوو کە شیرین لەخەو هەڵیساندنم .
چاوەکانم کردەوە ڕاستەوخۆ وتی :ـ دەی بوشراگیان بابڕۆین.
ـ ڕۆشتن ؟
ـ بەڵێ. هێدی و شەماڵ لەدەرەوە چاوەڕێمان ئەکەن.

دوای ئەوەی خۆم ئامادەکرد. لەسەرخۆ هاتمە دەرەوە لەنەخۆشخانە، لەبەردەم نەخۆشخانەکە هێدیم بینی موبایلێکی بەگوێوەبوو تەلەفۆنی ئەکرد. هەر کە ئێمەی بینی خواحافیزی لە کابرا کرد و موبایلەکەی داخستەوە. بە پەلە بەرەو ڕووی ئێمە هات.

کاتێ نزیک ئەبوویەوە من تەماشای چاوەکانییم ئەکرد،
هێدی:- چۆنی بوشرا .ئیستا ئامادەی بۆ ڕۆشنەوە؟

من هەرتەماشای چاوەکانییم ئەکرد،
هێدی:ـ چییە ؟ ... وائەزانی خەفەت و شتم هەیە ؟. نەخێرنیمە. ئەگەر باوەڕناکەی بە شیرین بڵێ. خۆ ئەو ئەتوانی مرۆڤەکان بخوێنێتەوە، دەی دەی پێی بڵی بزانە هەمە یان نیمە. بێگومان نیمە. تۆش ئەوەنە سەیرم مەکە با لەخۆم بایی نەبم. بەڕێزتان دوێنی شەو تۆزێ ڕووتان دابوو پێم. لەخۆم دەرچووبووم. ئێستا پێم بڵی بۆ ئاوا سەیرم ئەکەی ؟؟
ـ هیچ. هەر...یانی....
شیرین :ـ کاک هێدی بوشرا پێی وابووە کە تۆ ئەڕۆی، ئێستاش لای سەیرە کە جێت نەهێشتووە.
هێدی:ـ چی ؟. نەخێر من هەرگیز ناڕۆم. من خۆم نامەوێ تۆ جێ بهێنم دەنا بیانوو زۆرە. بۆنمونە ئەڵێم چۆلەگەکانی سەربانی نەخۆشخانەکە ئەم بەیانییە ناجیروێنن من ئەڕۆم لەجێگای ئەوان ئەجیروێنم. پاشان بەبیانووی ئەوەوە ئەڕۆم جێتەهێڵم، ئەها یا ئەوەش بڵێم ڕووکاڵی هاوڕێت ئەم بەیانییە نەهاتووە بۆئێرە
ـ بەراست ؟ چۆن شتی وائەبێ ئەو نەگەڕێتەوە بۆ لام ؟؟
هێدی:ـ نازانم دوایی خۆت لێی بپرسە. ئیستا باڕۆینەوە
ـ بۆکوێ ؟
هێدی:ـ ئەڕۆین بۆ ماڵی ئێمە
ـ دەلاچۆ... هێدی بەپێکەنینەوە وتی :ـ گاڵتە ئەکەم.. ئەتبەم بۆ ئەو شوێنەی حەزت لێیە..
ـ ئێ کەواتە حەزەکەم بڕۆمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم.

هێدی لەژێر لێوەوە وتی:ـ ((خخخ)) وام زانی حەزەکەی پێکەوە بڕۆین نانێ بخۆین
ـ بڕۆین ؟ هێدی:ـ چیی بۆ نانخواردنەکە ؟؟
بوشرا:ـ نا بۆ ماڵەوە
ـ دیسان ((خخخ)) دەی با بتبەمەوە بۆ ماڵەوە

هەر سێکمان ڕۆشتین سواری سەیارەکەبووین من و شیرین لەدواوە هێدیش چووە لای سەکن سەرکەوت

پاشان شەماڵ سەیارەکەی هەڵکردو دەستی کرد بە لێخوڕین
((دوای دوو خولەک))
هێدی:ـ بڕواییو هەبێ شەمەی برام تێگەیشتن لە ئافرەت زۆر سەختە، ئافرەت کاتێ باڵای کورتە خەفەت ئەخوات کە باڵای کورتە خۆ ئەگەر باڵاشی بەرزبێت خەفەت ئەخوا کە باڵای بەرزە،
یانیش کاتێک خوشکەکەی ئەمرێ خەفەتی بۆئەخوا، بەڵام کاتێک ئەچێت خوشکە مردووەکەی بشوا ئەترسێ زیندوو بێتەوە،
ئا شەماڵی برام خۆت کێشە بەو دیوارەیا با بمرین، خۆ ئێمە هەر تێناگەین ، تێناگەی.
ئەها باسی دیوارم کرد شتێکم بیرهاتەوە جەماعەت،

لەبیرتان بێ مەرج نیە هەموو دیوارەکان لەبلۆک دروستکرابن هەندێکجار کەسێک یان کەسانێک چواردیوار دروست ئەکەن کە ئەو دیوارانە بلۆک لە پێکهاتەکەیاندانیە، وەهەروەها کۆمەڵێک کەس ئەکەنە نێو ئەو چواردیوارەوە.
وەهەروەها ئەو کەسانەی کە ئەو چواردیوارەیان دروستکردوە وا نیشانی خەڵکی ئەدەن کە ئەوانەی ژوورەوە زۆر دڵخۆشن، جا بەزۆری بێت یان هەڵخەڵەتاندن هەوڵئەدەن دیوار بۆ کەسانی دیکەش بونیاد بنێن ،هەڵبەت ئەو دیوارانەی تریش لە بلۆک دورست نەکراون،

هێدی بۆ ساتێک لەقسەکردن وەستا و تەماشای دەرەوەی ئەکرد پاشان وتی

ـ شەمە.شەمە ،تۆ ئیستا بەس خەیاڵ کە ئا ئیستا من بچمە سەر شەقامە. یانی چوزانم ، کاکە ئەچمە سەر ئەو شەقامە وەرزش ئەکەم. ئینجا سەیارەیەک خۆی پیاما بکێشی وەک سەیارەکەی فلان کەس ئاسا.
شیرین :ـ کاک هێدی !
هێدی:ـ فەرموو دادە شیرین؟ شتێکتان پێویست بوو ؟

هێدی هەر قسەی ئەکرد منیش لە ئاوێنەی سەیارەکەوە تەماشای ئەوم ئەکردئەویش بە هەمان شێوە تەماشای منی ئەکرد.

شەماڵ :ـ لەناو سەیارەین. کاتی سەرەتاتکێ نیە. منیش سەرقاڵ مەکەن باخۆم نەکێشم بەشتێکا لەداخ ئێوەیا
هێدی:ـ خۆتە کێشی بەچیا ها بەچیا ؟ بۆنمونە خۆتە کێشی بە کچێکی جوانا قوڕئەکەی بەسەرمانا، ئەبێ شەوێکی تریش لەنەخۆشخانە بمێنینەوە. ئینجا من زۆر حەزم بەوەنیە لەنەخۆشخانە بمێنمەوە. مەگەر دادە شیرین لەوێ بمێنیتەوە، وابزانم بەڕێزیان فێری ئەوشتانەن...
شیرین بە پێکەنینەوە وتی ـ کاک هێدی !
هێدی:ـ فەرموو کاک سەیارە.. ئەهـ ببورە ، فەرموو دادە شیرین. ئەرێ بەراست سەیارەکەی تۆ چی لێهات لەکوێیە ؟
شیرین :ـ من دوێنی زۆر ترسام لەوبڕوایەنەبووم جارێکی تر بتوانم سەیارە لێبخوڕمەوە هەربۆیە بە براکەمم وت بیباتەوە بۆماڵەوە...

من و هێدی گوێمان له داده شیرین گرتبوو بەڵام شەماڵ ئاگای لەئێمە نەبوو وە لەناوڕاستی قسەکانی دادەشیریندا شەماڵ دەستی درێژکرد ڕایدۆیی سەیارەکەی پێ کرد.
هەرکە هەڵی کرد ڕادیۆکە باسی پیاوێکی ئەکرد کە لەسەربانەوە خۆی فڕێ داوە و خۆی کوشتووە. قسەکانی تەواو نەکردبوو کابرای نێو ڕادۆکە. شیرین وتی
ـ کاک هێدی. کاک شەماڵ تکایە ئەو ڕادۆیە بکوژێننەوە...
هێدی ڕاستەوخۆ کوژانییەوە و گوتی :ـ بۆچی ؟؟ چی بووە ؟؟

شیرین:ـ باش نیە بوشرا گوێ لەوشتانە بگرێ. ئەو نەخۆشی دەروونی هەیە گوێگرتن لەوشتانە وائەکات حەزی خۆکوشتنی زیاتربێ.
بوشرا:ـ بۆستە. بۆستە. خۆ پێم نەوتی کە نەخۆشی دەروونیم هەیە تۆ چۆن ئەزانی؟

شیرین :ـ من دەروونناسم. هەر بۆیە ئەزانم نەخۆشی دەروونیت هەیە، پاشان هێدی ڕادۆکەی کوژانەوە...

***

دوای ئەوەی گەیشتینە بەردەم ماڵەکەی من. شیرین لەگەڵم دابەزی. وە داوام لە هێدی و براکەی کرد کە بڕۆنەوە،

هێدی لەناو سەیارەکەوە بە شیرینی وت :ـ ئەمڕۆ نا بەڵام لەبەیانییەوە دەست ئەکەم بە ئەنجامدانی ئەوەی کە بەڵێنم پێت دابوو. وە ئیستا تۆ ژمارەکەی منت لایە هەر مەترسییەکی بچووک بوو ڕاستەوخۆ پەیوەنییم پێوەبکە.
بوشرا:ـ بەڵێنی چیت بە شیرین داوە هێدی ؟

هێدی:ـ گرینگ نیە تۆ بزانی. ئەوە بابەتێکی ترە بوشراگیان.
ـ بەڵێ ڕێک، ئەسلەن ژیانی تۆ هیچ پەیوەندی بەمنەوە نیە.
هێدی:ـ ئیستا بۆ تورە ئەبی ؟ بابەتێکی ترە شیرین پێی خۆش نیە تۆ بزانی،
تەماشایەکی شیرینم کرد وتم :ـ ڕاستە شیرین ؟
سەری بەبەڵێ لەقاند.
پاشان بە هێدی وت :ـ کاک هێدی ئیستا ئەتوانی تۆ بڕۆی. منیش تا وەکو نیوەڕۆ لێرەئەبم دواتر ئەگەر بوشرا کاری پێم بێ ئەڕۆمەوە. ڕاستی زۆر بیری منداڵە بچووکەکەم ئەکەم لەدوێنیوە نەم بینییوە،

هێدی:ـ ڕووی کردە شەماڵ و وتی :ـ دەی شەمەی برام لێخورە بابڕۆین،
هێدی ماڵئاوایی لەئێمە کرد و شەماڵ سەیارەکەی هەڵکرد و دەستیان کرد بە ڕۆشتن،
ڕووم کردە شیرین و وتم :ـ زۆر ببورە... شیرین : ـ بۆچی ؟
ـ لەبەر قسەکانی هێدی کە بابەتی سەیارە و ڕووداوی هاتوچۆ ئەکاتەوە،ڕاستە من و هێدی پەیوەندییەکی وامان نییە پێکەوە بەڵام کە قسەئەکات هەستئەکەم لەسەر منیش ئەکەوێ من بەناوەی ئەوەوە داوای لێبوردن ئەکەم..

شیرین بزەیەکی کردو وتی :ـ تۆ نیگەران مەبە گیانەکەم. من خۆم ئەزانم کە تەنیا گاڵتەئەکات. دەنا ئەو پێی وایە من شۆفێرکی باشم.
ـ چۆن ئەزانی کە ئەو پێی وایە کە تۆ شۆفێری باشی ؟
شیرین :ـ من ئەزانم. قسەکانیشم لەدڵ نەگرتوە تۆ خەم مەخۆ..
بوشرا:ـ زۆر ترسام شتێک لەدڵ بگری. مەگەر تۆ نازانی ئافرەت چۆنە،
شیرین بزەیەکی کرد و وتی :ـ ئافرەت چۆنە گیانی دادە ؟
ـ یانی، ئافرەتان کاتێ کەسێک دڵنیان ئەشکێنیت لەناخی خۆیانا ئەیشاردنەوە و دەریناخەن ئەسلەن ئەو بابەتەش دائەخەن ئەگەر ئازاری دڵشکانەکە هەرچەندە گەورەبێت ، وە چاوەڕێ ئەکەن ئەو کەسەی دڵنیانی شکاندوە بێت و دڵیان ئاشتبکاتەوە..

***

هێدی :ـ

دوای ئەوەی شیرین و بوشرامان جێهێشت ،
من و شەماڵ ڕۆشتینەماڵەوە. دواتر ڕۆشتم خۆم شوشت و نانی فراوینم خوارد،پاشان خەوتم تا دوانیوەڕۆ،
دوای ئەوەی بەئاگاهاتم. بڕیارم دا پەیوەندییەک بە بوشراوە بکەم
جا منیش بێ دڵی خۆم نەکرد ڕاست ئەو ژمارەییەی کە بوشرا لەنێو کاغەزێک بۆی نووسیبووم لە موبایلەکەما نووسیتم و پەیوەنییم پێوەکرد.

چەنجارێک لەسەر یەک تەلەفوونم کرد بۆ ژمارەکە کەس وەڵامی نەدایەوە.
تا لەچوارەم جاردا تەلەفوونەکە هەڵگیرا.

بوشرا :ـ ئەلوو هێدی:ـ ئەلوو چۆنی بوشرا، ئەزانی هەر لەخۆمەوە حەزەکەم بڵێم فەرموو بۆ لەفوونت کردوە بەس بەداخەوە من کردوومە بۆت،
بوشرا :ـ فەرموو بۆ پەیوەندییت کردوە ؟
هێدی:ـ واز لەسەرەتاکانی قسەکردن بهێنە، ئەزانیێ من دڵم زۆر گەورەیە ؟
ـ جا ئەوە بۆ بەمن ئەڵێی بەقوربان؟
هێدی:ـ ئاخر. یانی مەبەستم ، نازانم چۆن بڵێم. کاکە من دڵم ئەوەندە گەورەیە جێگای تۆشی تیا ئەبێتەوە.
ـ بەڕاست ، بەدڵت بڵێ بزانم جێگای خەمەکانی من ئەبێتەوە تا هەندێکی لەوێ دابنەم. هێدی:ـ ئەرێ.ئەرێ. جێدەبێتەوە کیژۆڵەگیان.
بوشرا:ـ ئاخر با لەسەرەتاوە ئەوەت پێبڵێم خەمەکانی من زۆر گەورەیە لەو بڕوایە نیم لە ئەو دڵە جوجگیەت جێگای ببێتەوە.من پێم وایە تۆ بەس زمانت گەورەیە ئەسلەن نەک خەمەکانم جێگای خۆشم نابێتەوە...
هێدی:ـ ـ دەبڕۆ. شوێن هەیە.هەیە.نەک خۆت گەر حەزەکەی کچی تریش لەگەڵ خۆت بهێنە بۆنێو دڵم ، دەتۆ لەوە گەرێ ئەتوانین بۆ ئەم ئێوارەیە پێکەوە بۆ نانخواردن بڕۆینە دەرەوە ؟
ـ ئممممم. نا
- ئێ بۆ!.بۆ!

بوشرا:ـ هێدی ببورە کاتم نیە. ناتوانم. خۆشت ئەزانی شەڕەبەفر بەوەرزی هاوین ناکرێ

ـ ئێ قەیچییەکا شەڕەبەرد ئەکەین،

بوشرا:ـ شێتم مەکە کوڕە،

هێدی:ـ شێت بی چییەکەی ها ؟؟ .

بوشرا :ـ ئیتر...

ـ باشە لەوە گەڕێ .ئیستاا تۆ پێم بڵێ بڕۆین نانێ بخۆین ؟

ـ نا.

هێدی ـ ئەی نانەکە بێت ئێمە بخوات ؟ بوشرا:ـ هەرنا.

هێدی:ـ ئەی من بێم تۆ....

بوشرا:ـ شششش دەتکوژم ها.

هێدی:ـ ((خخخخ))بەڕاستی بەداخەوە بۆتۆ. هیچ لە ڕۆماسییەت نازانی. دایمە قسەکانت بۆنی خوێنی لێدێ، ئەسلەن گەورەترین مافیای گیهانیش[1] ئەو وشانەی تۆی بەکار نەهێناوە.

بوشرا :ـ جا ؟

ـ کچەجوان فێربە کە قسەت لەگەڵم کرد با وشەکانت باوەشیان کردبێ بەخۆشەویستییا.دەنا تەلەفوونەکە بەسەرتا دائەخەمەوە...

ئیستا دێی یان نا بۆ ئەو نانخواردنە. خۆ مردم ئەوەنە پێت بڵێم. یانیش ئەزانی چی. ئەوە هەرمەیە. ئیستا ئەڕۆم خواردنگەکە گوڵە باران ئەکەم. بەشکم ڕزگارم بێ لەم مەکرونازە...

پاشان هەناسەیەکم هەڵکێشا و وتم

ـ ئێستا دێی یان لەگەڵ کەسێکی تر بڕۆم ؟

گیهان[1] : جیهان

بوشرا :ـ ئەو کەسەی تر کێیە ؟
ـ ئەو کەسەی تر شەربەتی پرتەقاڵە. بەتۆچی ؟. خۆتۆ نایەی ئیتر بۆ ئەپرسی کێیە ؟
بوشرا:ــ بڵێ دەی ئەو کەسەی تر کێیە ؟
ـ ئەو کەسەی تر خۆمم. بەڵێ خۆمم. مەگەر خۆم بە کەسێک حیساب نیم ؟.
بوشرا :ـ واییی واتە تۆ ئیستا کەسێکی ؟. ئەی مەگەر لەنەخۆشخانەکە دوای ئەوەی پێم گوتی خۆشم ناوێی نەت وت کەمن کەس نیم ؟
ـ ئەوە جیا بوو. ئەوکات وابیرم ئەکردەوە کە خۆشت ناوێم. بەڵام ئیستا وا ئەزانم چل پەنجا کەسم.
بوشرا:ـ مەگەر ئیستە پێم وتوی خۆشم ئەوێی ؟
ـ ئا.زۆریش ، هەرخۆی بەقسەکاتا دیارە تەواو بۆم شێتبووی ، بەس ئەم پیاوە مەردە حیسابت بۆناکا ، جا با زێت بلێم من لەوجۆرە کوڕانە نیم بە پشی پشی کچی خەڵک ڕازی بم، ئێستا دێی یان نا دە دڵم تەقی !
بوشرا هەناسەیەکی هەڵمژی گوتی :ـ ئەرێ باڵانسی موبایلەکەت کەی تەواو ئەبێ؟
هێدی :ـ ئەگەر باڵانسی مۆبایلەکەشم تەواوبێ قسەی من هەر تەواونابێ تۆ خەمی ئەوەت نەبێ کە بێمن بیت،هەربۆیە....((قسەکەی پێبڕییم))
بوشرا:ـ هەرگیز پێم وتووی کە کاتێ وە تەنیام پێویستم بەدوو دەستە و کاتێ لەگەڵ تۆم پێویستم بەچواردەستە ؟؟
هێدی:ـ ئـــ . بەڵێ وتت. وابزانم مەبەستت ئەوەبوو کاتێ لەگەڵ منای پێویستت بەچوار دەستە دوو دەست بۆئەوەی قاچەکانم بشێلی دوو دەستی تریش بۆئەوەی دەستەکانم بشێلی، بوشرا دەستی کردە پێکەنین. پاش کەمێک وتی :ـ هێدی. ببورە ناتوانم لەگەڵت بێمە دەرەوە بێمە دەرەوە بۆ نانخواردن،ببورە. ببورە.خوات لەگەڵ((پەیوەندییەکەی داخستەوە))

دوای ئەوە پەیوەنییەکەی داخستەوە منیش پەیوەندی دیکەم بۆنەکرد. لەگژی کاری خۆم بووم تا ئێوارە، دوای خوانی شیو بینیتم شەماڵی برام هەڵئەسێ ئەڕواتە دەرەوە، منیش بە شوێنی کەوتم تا بەردارگە. پاشان بانگم کرد :ـ شەماڵ..

((ئاوڕی دایەوە))

هێدی :ـ چییە بێتاقەت دیاری ؟

شەماڵ:ـ بابەتەکە ڕووکاڵە. هەرچەن پەیوەندی پێوە ئەکەم وەڵامم ناداتەوە.

ـ ڕووکاڵ ؟ ئێ بڕۆ بۆ ماڵی خاڵم بەشکم دەزانی مەسەلە چییە

شەماڵ :ـ ڕۆشتم هێدی ڕۆشتم.

ـ ئەی چی ڕووی دا ؟

شەماڵ:ـ وتیان ڕووکاڵ دەرگای ژوورەکەی لەخۆی داخستوە و هەر دەگری. وە نایەوێ کەس ببینێ

ـ بەڕاست ؟ چۆن شتێ وائەبێ خۆ دوێشەو هیچ نەنگی نەبوو بۆچی وا ئەکات ؟

ـ نازانم.نازانم. ئیتر منیش لێی گەڕاوم ئەڵێم با بۆخۆی حاڵی باش بێت ئەوکات ئەڕۆم بۆلای. ئیستا نایەوێ کەس ببینێت. لەوانەیە بەهۆی ڕووداوەکەی بوشراوە بارودۆخی کەمێک تێکچووبێ.

ـ بڵێم چی، خۆت ئەزانی، وەستام لەقسەکردن پاشان وتم :ـ شەماڵ!!

شەماڵ:ـ بەڵێ..

ـ بەیانی بڕۆ بارانم بۆ بدۆزەوە دوای ئەوەی دۆزیتەوە بانگم بکە ئەمەوێ کەمێک قسەی لەگەڵ بکەم.

شەماڵ:ـ باران ؟ جا لەکوێ بیدۆزمەوە من ؟

ـ سەیرکە شەماڵ. ئێمە بەڵێنمان بە شیرین داوە کە یارمەتی بدەین. نازانم چۆن ئەیدۆزیتەوە. بەڵام ئەبێ بیدۆزیتەوە!

((سەیری دەوروبەری خۆی کرد و دەستی کرد بەبیرکردنەوە،)))

هەر زوو بیرکردنەوەکەییم پچڕاند و وتم :ـ دەی شەماڵ.خۆ دۆزینەوەشی ئەوەندە گران نیە. ژمارەی شیرینت پێ دەدەم. شیرین یارمەتیت ئەدا کە بیدۆزیتەوە.

شەماڵ سەری لەقاند بەڕازی بوون. پاشان وتی :ـ خەمت نەبێ. لەبەیانییەوە دەست بەگەڕان ئەکەم بەدوایدا هەتا نەیدۆزمەوە وازنایەنم.
دەستم خستە سەرشانی و وتم:ـ متمانەم پێتە....
((پاشان باوەشم کرد پیایدا))
دوای ئەوە سواری سەیارەکەی بوو ڕۆشت.
منیش گەڕامەوە ماڵەوە و تا نزیک کاتژمێر نۆی شەو لەماڵەوە دانیشتم.
دوای ئەوە ڕۆشتمە سەربانی خانووەکەمان و موبایلەکەم دەرهێنا و پەیوەندییم بە بوشراوەکرد.
هەر کە زەنگی پەیوەندییەکە گەیشت بە بوشرا. ڕاستەوخۆ تەلەفوونەکەی هەڵگرت.
بوشرا:ـ بەڵێ هێدی   هێدی:ـ چۆنی بوشرا
بوشرا:ـ ....   هێدی:ـ بوشرا. چۆنی ؟
بوشرا :ـ باش نیم!
هێدی:ـ چیی؟ بۆ باش نی شتێک بووە ؟
بوشرا:ـ زۆر ماندووم سەرم دێشێ حاڵم خراپە!
ـ بەڕاست ؟ ئەتەوێ بێم بۆ لات ؟
بوشرا:ـ نا مەیە. ئەوە حاڵی هەموو ڕۆژێکی منە. خۆم کەمێکی تر باش ئەبم.ناوە ناوە خراپ ئەمگرێت، مێشکم تێک ئەچێت...
ـ دڵنیای کە ئەتوانی بە تەنیا باش بی ؟
بوشرا :ـ هێدی پێویست ناکا بێیت. شتێکی وا گەورەنییە تەنیا کەمێک نەخۆشییە دەروونیەکەم توند بووە
ـ ئم. تێگەیشتم. لەوانەیە ئەمڕۆ زۆر بەتەنیا بوبێ نەخۆشییەکەت زیادی کردووە.من ئامۆژگاریت ئەکەم زیاتر تێکەڵاوی نێو خەڵک بیت بەشکوم باش بیت. ئەوە کچێکی بچووک هەبو کەمێک وەکو تۆ وابوو... ((قسەکەی پێبڕیم))
بوشرا بەگاڵتەوە وتی:ـ ئەویش وەک من ڕقی لێت بوو ؟
هێدی :ـ ئینجا ئەو کچە.... ((دەنگی خشەخش ئەهات لە موبایلەکەوە))

هێدی:ـ بوشرا. ئەوە لەگژی چیت ؟
بوشرا:ـ شەعرێکم نووسی بوو بەدوای دا ئەگەڕێم ئەمەوێ بۆت بخوێنمەوە.
ـ بەڕاست ؟ شەعرەکە باسی چییەکات ؟. باسی جوانی خۆتت کردوە تیایا ؟
بوشرا:ـ نا...
هێدی:ـ ئەی ؟
بوشرا:ـ دە ڕاوە..

بوشرا:ـ ئەوە دۆزیمەوە... هێدی، جوان گوێبگرە با بۆت بخوێنمەوە خۆم نووسیومە بزانم بە دڵتە.
ـ فەرموو گوێم گرتووە.
بوشرا :ـ

" تۆ منت نەبینی کاتــێ من من بووم...
تۆ منت بـینــی کاتــێ شەپۆلێ خەمبووم...
تۆ منت نەبینی کاتــێ بەقەد تــاو ڕوناک بووم...
تۆ منت بـینــی کاتــێ بەقەد شەو تاریک بووم...
مەگەر ئەزانی چەنێ زیاتر لە ڕەنگی ڕەش ڕەشم...
من ئێستا نــەما هــەناسە و نەما ڕوح لە لەشــم.... "

نووسەر :ـ سامان سالم

دوای ئەوەی شەعرەکەی خوێندەوە لە جووڵە وەستام و هیچم بۆ نەوترا. زانیم کە دەیویست بەو شەعرە باسی حاڵی خۆی بکات،
بوشرا:ـ هێدی ! .... هێدی! ....

ـ بەڵێ..   بوشرا:ـ شەعرەکەت پێ چۆن بوو ؟
ـ ئم. ها ؟، شەعرەکە ؟ باشە ئەزانم..
بوشرا :ـ چی ؟؟
ـ ئەها. ببورە ، شەعرەکەت زۆر جوان بوو بەدڵمەبوو.....بوشرا !
بوشرا :ـ بەڵێ...
ـ ئەتوانم بزانم بارودۆخی دەروونت چۆنە ئیستا؟
ـ لێگەڕێ... نامەوێ باسی بکەم... خۆم لە ئێوارەوە لەناو ئازار ئەگریم..
ـ بەڕاست ؟؟
ـ ئەرێ...
ـ بۆ، ئاخر بۆ ، ئاخر بۆچی ؟؟
بوشرا:ـ هێدی ماندووم ماندوو زۆر زۆریش ماندووم. یانی بە ڕادەیەک سەرم لێ شێواوە یانی بڕوابکە ئیستا نازانم شەوە یان ڕۆژ... بڕوابکە لەم ڕۆژانەدا چووبوومە دەرەوە بە پۆشاکێکی زستانەوە، ئینجا لەدەرەوە دووکچم بینی پۆشاکی هاوینەیان لەبەر بوو. نەم ئەزانی ئەبێ من گاڵتە بەوان بکەم یان ئەوان گاڵتە بەمن بکەن، بەس، دەی، خۆ لەئەنجاما هەر گاڵتە بەئەوانە ئەکرێت کە نەخۆشی دەروونیان هەیە ، بەردەوام وا هەست ئەکەم دڵم لەناو چاڵێکی دڕک و تەلا گیر بووە. ئینجا سەریشم زۆر دێشی. سەرم زۆر قورس بووە. هەندێک جاریش لەخۆمەوە شت ئەبینم. دەنگی جیاواز جیاواز دێتە گوێم، یان بۆنی سووتاوی ئەکەم لەنێو ماڵەکەم دا. کەچی هەموو ماڵەکە ئەگەڕێم هیچ شتێک گڕی تێبەرنەبووە.
ـ بوشرا: تۆ پێویستە خۆت ڕێک بخەیتەوە. پێویستە بەردەوامی بەژیان بدەیت...
قسەکەی پێبڕێم بەتورەییەوە وتی :ـ من ناتوانم، تێبگە ناتوانم...کاتێک ئازارێک لەسەرم دایە پێم ناڵێی چۆن

بتوانم ژیانی خۆم ڕێک بخەم ؟ منیش ئەزانم کە مرۆڤ ئەبێ خۆی کۆبکاتەوە.
منیش ئەزانم ئەگەر لەژیان سەرنەکەوم هەمووان بەچاوێکی کەم تەماشام ئەکەن وەک چۆن ئێستا تەماشام ئەکەن....
بەڵام من ئازارم هەیە تێبگەلێم ناتوانم هیچ بکەم،
تۆنازانی کە من چەن حەزئەکەم کە دڵخۆشبم بەڵام ناتوانم....

بەدەنگێکی خێرا وتم :ـ بوشرا ! ، بوشرا ! ، ئێستا دێم بۆ لا....
((قسەکەی پێ بڕیم))
بوشرا:ـ دەزانی هێدی. کەمێک بەر لە ئێستا دەمویست پەرتوکێک بخوێنمەوە. وەلێ نەمتوانی. ترسام یەکێک لە پەڕەکانی بە دەستمەوە بدڕێ. یانی تۆ باوەر دەکەی کەسێک وازی لە خوێندنەوەی پەرتوکێک هێناوە لەبەر ئەوەی ئەترسێ پەرەیەک بدڕێ ؟ جا ئەگەر دڕاش خۆ دونیا ئاخر نابێ بە تێپێک چاکی ئەکەمەوە. بەڵام ناتوانم بیخوێنمەوە من ئەترسم. نەک هەر لەوە لە هەموو شتێک ئەترسم...
یانی... کە... خۆم...بە... زا
((دەنگی ئەلەرزی))

ـ بوشرا ! ... بوشرا! .. ئەلوو..
بوشرا:ـ هێد.... ((دەنگی فیزاحێکی بەرز و ماوە درێژ لە تەلەفوونەکەوە هات))
بەترسەوە وتم :ـ بوشرا... بوشرا... گوێت لێمە ؟

((دەنگی شکان و کەوتنی شت لەنێو تەلەفوونەکەوە !))
ـ ئەل.... ، تەلەفوونەکە داخرایەوە..!

بەشی سێ

دوای ئەوە لە تەلەفوونەکە داخرایەوە، بە خێرایی لە سەربانی ماڵی خۆمانەوە بە پلیکانەکان بەرەو خوارەوە ئەچووم. لە نیوەی پلیکانەکاندا خۆم فڕێدایە ناو حەوشەکە، لەوێشەوە ڕام کردە دەرەوە سواری سەیارەکەم بووم
پاشان سلفێکم لەسەیارەکە دا و هەڵمکرد، بەخێراییەکی زۆر بەڕێ کەوتم بەرەو ماڵی بوشرا.

بەنزیکی دە خولەک گەیشتمە بەردەم دەرگاکی ماڵەکەی، بەشپرزەیی لەسەیارەکە دابەزیم ئەوەندە شپرزەبووم بیرم چوو سەیارەکە بکوژێنمەوە و سویچیەکەی دەربکەم

بەبێ ئەوەی لەدەرگا بدەم دەرگام کردەوە و ڕام کردە ژوورەوە.
بە ترسەوە دەستم کرد بەگەڕان لەنێو ژوورەکاندا. تا دەرگای ژوورێکم کردەوە بینیتم دۆلابێکی درێژ بەرداوەتەوە، ژوورەکە هەمووی شێواوە.بوشرا لەناو ڕاستی ژوورەکە لەسەرلا درێژبووە و دەستی بەتووندی خستۆتە نێو قژی. وە بەدەنگی نزم ئەگرییەت.

لە چەن هەنگاوێک چوومە ژوورەوە بوشرا هەستی بەبونێ شتێک کرد لە بەردەمییا،هەربۆیە چاوەکانی کردەوە و دەستی لە نێو قژی دەرهێنا و ورە ورده ڕاستەوە بوو بەجوانی دانیشت، فرمێسکەکانی بەئانیشکی سڕییەوە و بەدەنگێکی زۆر کز وتی :ـ هێدی. ئەوە تۆ هاتی ؟
ـ بوشرا. ئێرە بۆ وای لێهاتووە ؟ تۆ باشی ؟ بۆچی هاوارت کرد ئەی بۆچی پەیوەندییەکە داخریەوە..

بوشرا چاوی گڕدا بە نێو ژوورەکەیا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی :ـ پێ ئەچیت من وام لێکردبێت ئەوکاتەی ئاگام لەخۆم نەبووە.

((دەستەکانیم گرت))

ـ بوشرا. شتێک ڕووی دا ؟ بۆ فیزاحت کرد
ـ باری دەروونیم زۆر تێک چوو هەر بۆیە کۆنترۆڵم لەدەست دا و هاوارم کرد.
ـ ئەی بۆچی پەیوەندییەکەت داخستەوە ؟
((بە پەنجەی نیشانەکی[1] ئاماژەی بۆ سووچی دیوارەکە کرد))
بوشرا :ـ کاتێ توڕەبووم موبایلەکەم شکاند ئەوەتا لەو سووچە کەوتوە.
هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی و وتم :ـ بوشرا...
بوشرا بە هەنسک هەڵمژینەوە وتی :ـ بەڵێ.
ـ زۆر ترسام.. ((بەچاوەکانم تەماشای ژوورەکەم کردەوە))
پاشان وتم :ـ دەی هەستە با کەمێک لێرە دوور کەوینەوە..

***

هەر دووکمان لەماڵەوە هاتینە دەرەوە و دەستمان کرد بە پیاسەکردن..
وە ئاراستەی ڕێگاکەمان بەرەو بازاڕ و قەڵەبالغی شاربوو.

بەلاچاو سەیری بوشرام کرد بینیتم ڕووخساری ڕەش داگیرساوە.سەری خوارکردۆتەوە و بیرئەکاتەوە وە جار جاریش تف قوت ئەیات.
ـ بوشرا...   بوشرا :ـ هم ؟
ـ باشتربووی ؟   بوشرا :ـ تۆزێ..

نیشانەک[1]: پەنجەی تەنیشت پەنجە گەورەی دەست

هێدی:ـ بوشرا..
ـ بەڵ... ئەرێ ئیستا بەس من و تۆ لێرەین بۆچی ئەوەندە ناوم ئەهێنی کاتێ قسەئەکەی.. ((دەستم کردە پێکەنین ئەویش کەمێک پێکەنی))
هێدی :ـ نازانم... ئەتەوێ بزانی کە بۆچی ئەوەندە ناوت ئەهێنم ؟؟
ـ نا زۆر گرینگ نیە هێدی :ـ وا دیارە منیش گرینگ نیم بەلاتەوە بۆیە ناتەوێ بزانی.
ـ زۆر مەڵێ کورە با زلەیەکت پیانەکێشم، ڕاستە ماوەیەکی زۆر نییە ئەتناسم بەڵام تۆ گرینگی لام دڵنیابە

چەن خولەکێک بێدەنگ بووین بوشرا وتی :ـ باشە ئەمەوێ بزانم فەرموو چۆن بزانم کە بۆچی ئەوەندە ناوم ئەهێنی ؟
موبایلەکەم دەرهێنا و وتم :ـ پەیوەندی ئەکەم بە شیرینەوە. ئەو دەروونناسە ئیستا پێمان ئەڵێ بوشرا:ـ گاڵتەئەکەی کوڕە ؟
ـ تا ئیستا گاڵتەت لە من دیوە؟
بوشرا :ـ ئەسلەن تا ئیستا قسەیەکت کردوە گاڵتە نەبێ ؟

موبایلەکەم دایە دەست بوشراوە و وتم :ـ فەرموو پەیوەندی پێوەبکە. پێی بڵێ بۆچی کە هێدی ئەوەندە ناوم ئەهێنی
ـ کوڕە دانیشە...

موبایلەکەم لێ سەند و چوومە سەر لیستی ناوەکان. پاشان پەیوەندیم بەشیرینەوەکرد. و موبایلەکەم دایەوە دەستی بوشرا،ڕاستەوخۆ دوای زەنگ لێدانەکە پەیوەندییەکە هەڵگیرا بەڵام تەلەفونەکە لە دەنگی دەرەکی نەبوو
بوشرا :ـ ئەلوو.
"ئا.ئا بوشرام"

"باشم. سوپاس"
" ئا. ئەویش باشە"
"ئــ ئەوەی ڕاستی بێت.ئەمەوێ شتێک بڵێم.بەس نازانم چۆن بیڵێم..."
هێدی :ـ ئەرێ دەقسە بکە دەی...
بوشرا:ـ ده بۆستە.... ئیستا تۆ بۆ منت کرد بە پەن ؟

" بەڵێ بەڵێ ئەوه"
" پرسیارێکی هەیە ئەڵێت ئەبێت لە شیرینی بکەین تا وەلاممان باتەوە"
" بەڵێ دەروون ناسییە"
بوشرا :ـ ئەرێ هێدی من شەرمەکەم بەخوای..
پاشان موبایلەکەی نایەوە گوێی و وتی :ـ
" ئــ هێدی زۆر ناوی من ئەهێنیت کاتێک قسەئەکات هۆکارەکەی چییە ؟ "

دوای ئەوەی پرسیارەکەی لەشیرین کرد چاوی خۆی توند نوقان لە شەرما.
وەبەجوانی گوێی گرت بۆ وەلامەکەی شیرین.
دەنگی شیرین نەئەگەیشتە من چونکە تەلەفۆنەکە لەسەر دەنگی تایبەتی دانرابوو.
بەلام دیاربوو شیرین وا لەگژە وەلام ئەداتەوە.

بوشرا:ـ "ئمهم" " وایە " "بەڵێ"

((بە تیلەی چاو سەیرێکی کردم))
"بەڕاست ؟ " "واییی"
((زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی بەدەمییەوە گرت))
"باشە زۆر سوپاس" " ئێمە پێزانی[1] تۆین" "خوا ئاگادارت بێ"

پێزان[1] : مەمنون

((پەیوەندییەکەی داستەوە))
هێدی:ـ وتی چی ؟؟   بزەیەکی کرد و وتی :ـ ئیتر...
ـ دەبلێ. وتی چی ؟   بوشرا:ـ ئەی نەم وت ئیتر ؟
ـ چی یانی وتی ئیتر ؟؟   بوشرا :ـ نا.. بەڵام ئیتر. ئەزانی چی هێدی .. با ئەوە نهێنی بێت.
ـ جا شتی وائەبێت ؟   بوشرا:ـ بەڵێ بەڵێ. زۆر جوانیش ئەبێت.
ـ دەی،مادام جوان ئەبێت،بابێت بەس چەنێ جوان بێ وەک تۆ جوان نابێ.

((لەشەرما سەری داخست کاتی ئەو قسەیەی بیست))
پاشان پێم وت :ـ ئەزانی بوشرا شەعرەکەتم زۆر بەدڵبوو. ئەتوانی شەعرێکی تریشم بۆبڵێی ؟
بوشرا:ـ شەعرێکی تر؟   هێدی : ـ بەڵێ   بوشرا:ـ لەسەر چی بێت؟؟
ـ ئـــــ ، با شەعرێکی ئاشقانە بێت. یانی من ئەمەوێ شەعرێکی ئاشقانە ببیستم..

کەمێک بیری کردەوە و خۆی بۆ شەعر وتن ئامادەکرد. هەناسەیەکی هەڵمژی و وتی :ـ
"من مۆم نیم کە بۆ هەموو کەس بتوێمەوە...
من دەرگایەکم کە تەنیا بە یەک کلیل ئەکرێمەوە..

برین و زامم بۆ بەس بۆ تۆ باسەکەم...
لێگەرێ با من تۆ بە تروسکەی شەو پێناسەکەم...

نازانم تا چەن دووریم لەتۆ پەل ئەکێشێ...
وەلێ دڵ مەیلی لە چاوەڕوانی قەت نایەشێ ...

ئەزانم ون بووی وەک هەر ونێک کە ونە لەم شارە...
بەڵام ئەی ونی ئازیز ون نابی لە دڵی ئەم داڵدارە.... "
نووسەر : سامان سالم

بزەیەکم کرد وتم :ـ زۆر تایبەت بوو !. منیش ئەتوانم شەعرێک بڵێم ؟
((بەبەڵێ سەری لەقاند))

هێدی :ـ ئـــ. زستان وە چایی گەرمەوە.. نا ئەوە نا. شەعرێکی تر ئەڵێم ڕاوە.
بوشرا:ـ چاوەڕێم...
هێدی:ـ
" سەیری هەر ئاوێنەیەک ئەکەم جگە لەتۆ کەس نابینم...
من خۆم بەتۆ تۆش بەخۆم ئەبینم...

وابزانم لەناو دووری تۆ خەم تێکی داوە ژینم...
چۆن پێکەنم کە ناتوانم بۆ چرکەیەک بت بینم...

دڵ وا ئەبێ بە بـەرد قـژیش بە بەفر چاویش بە خوێن...
ونم مەکە نامەوێ بڵێن بەڵێنەکانی یارت لەکوێن... "
نووسەر :سامان سالم

ـ بەدڵت بوو ؟ بوشرا:ـــ ئەرێ((دەنگی چەپڵە))

تەمەشایەکی ناو بازارەکەم کرد و وتم:ـ بازار زۆر قەڵەباڵغە ئەزانی؟
ـ ئەرێ.. کەمێکی تر بە ڕێگایا ڕۆشتین. تا وەک و لەسەر لێواری شۆستەیەک دانیشتین.
پاشان پێکەوە تەماشای ئەو مرۆڤانەمان ئەکرد کە بەوێدا ئەڕۆشتن.
ـ ئـەزانی ئیهمالکردن زۆر ترسناکە...

ئەگەر کەسێک ئیهمالی کردی ئەوا بزانە ئەیەوێ تۆ وەکو گوڵێک لێبکا کە خاوەنەکەی وازی لە ئاودانی هێناوە بۆ ئەوەی وشک بێتەوە...

بوشرا :ـ وتەیەکی جوانە.. بەڵام پێئەچێت ئەم وتەیە ڕێکلام کردن بێت بۆ خۆت هەی زۆرزان..
دەستم کردە پێکەنین و وتم:ـ واتە چۆن ؟
ـ مەبەستم.. یانی... وا دەرئەکەوێت تۆ ئیهمالم نەکەین. بەم وتەیە ئەتەوێ ڕیکلام بۆخۆت بکەیت..
((هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین))

***

چەن خولەکێکی تر لەوێ دانیشتین و پاشان بڕیارمان دا بگەڕێینەوە.
دوای ئەوەی بوشرام گەیاندەماڵەوە خۆشم بەسەیارە گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان.
بەبێ ئەم سەرو ئەو سەر چوومە سەر جێگاکەم و خەوتم.

بەیانی زوو چاوەکانم کردەوە. دوای خۆئامادەکردن ڕۆشتمە سەرکارەکەم تا وەکو کاتژمێر یانزەی نزیک نیوەرۆ.
کەکاتی کارکردنم تەواوبوو گەڕامەوە ماڵەوە. کەگەڕامەوە ماڵەوە بینیم میوانمان هاتووە. پێئەچوو خزمێکی دوورمان بێت.
دوای ئەوەی بەخێرهاتنم لێیان کرد.بۆ نیوکاتژمێر پێکەوە دانیشتین.
دواتریش پیاوەکان و منداڵەکان هەموویان ڕۆشتن بۆ پشتەوەی خانووەکەمان بۆ سەیرکردنی باڵندەکانی باوکم. ئافرەتەکانیش لەگژی سفرە ڕازاندنەوە بوون.
دوای ئەوەی هەمووان فراوینیان خواردن یەک دوو کاتژمێر لەماڵی ئێمە مانەوە و ڕۆشتنەوە بۆماڵی خۆیان. منیش بە کاتێکی گونجاوم زانی بڕۆم بۆ لای بوشرا هەربۆیە ڕۆشتمە نێو سەیارەکەم و سلفم لێدا و بەڕێ کەوتم بۆ ماڵی بوشرا...

به نزیکی بیست خولەک گەیشتمە کۆڵانەکەیان. بە هێواشی بە ناو کۆڵانەکەیا لێم خوڕی تا گەیشتمە بەردەمماڵی بوشرا.
لەسەیارەکە دابەزیم دەستێکم بە قژم داهێنا و خۆم ڕێک کردەوە. پاشان لە زەنگی دەرگاکە نزیک بوومەوە و پەنجەم بە دووگمەکەیدا نا.

نیو خولەک چاوەڕێم کرد. تا وەکو دەرگاکە بەهێواشی کرایەوە !
بوشرا سەری دانواندبوو بەڵام لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە بەتەواوی بوشرا وردە وردە بە ڕووخسارێکی مۆنەوە سەری هەڵبڕی.

تەمەشای چاوەکانییم کرد لە چاوەکانیا خۆشەویستیم بەدی ئەکرد.

بوشرا خەیاڵی لەشوێنی تر بوو کاتێ تەمەشای چاوەکانی ئەکردم
ـ بوشرا ؟ .... ((بوشرا چەن جارێک چاوەکانی پرکاند و خەیاڵی پچڕا))
بوشرا :ـ بەڵێ...
بە بزەوە وتم :ـ ڕاستی زۆر بیریم کردبووی هاتووم بۆ لات بت بینم،
بوشرا ڕووخساری دا بەیەکا و وتی :ـ بۆچی دەتەوێ من ببینی ؟
ـ ئا..نا..ئاخە..من.. یانی..چۆن بڵێم.. من تۆم ئەوێ. یانی خۆشمئەوێی ئەمەوێ زوو زوو بت بینم. چوزانم لات بم...
بوشرا ڕووخساری توڕە تر بوو وتی :ـ چی ؟؟ تۆ خۆشت ئەوێم ؟؟

ـ بۆ مەگەر وانیە ؟. یانیش باوەڕم پێناکەی ؟.دەبیی .وەختی گاڵتەنییە بوشرا خۆشت ئەوە دەزانی کە خۆشمئەوێی.
بوشرا بەوشکی پێکەنی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی پاشان وتی :ـ سەیرکە بەڕێز هێدی.گرینگ نیە لام خۆشت ئەویم یا نا بەڵام من ئەوە ئەزانم کە من تۆم خۆشناوێ. وە تکاش ئەکەم بابەتی خۆشەویستی لە مێشکت دەربکە.ڕاستی سووچی من بوو کە زۆر ڕووم داوەپێت ، بەڵام ئێستا پەشیمانم لەوکارەی کردم،

چاوەکانم زەق بوویەوە و لەشوێنی خۆم وشک بووم.
بۆ ساتێک نەمتوانی هیچ بڵێم.قسەکانی بوشرا لەگوێما دەنگی ئەدایەوە هێواش هێواش چاوەکانم پڕ ئاو بوو.

هێدی:ـ بوشرا قوربانی درەوشانەوەی چاوت بم ئەوە ئەڵێی چی ؟ ئاخر بۆ ئاخر یانی چی منت ناوێ ؟ یانی چۆن ئاوا ئاسان... مێشکم ئەمە وەرناگرێ. خۆ تۆ... ((قسەکەی پێبڕیم))
بوشرا:ـ هەر ئەوەی کە وتم. من تۆم ناوێ. تکایە تکایە وازم لێبێنە.. ئێ نامەوێی کاکە بە زۆرە ؟؟
بەهەناسە بڕکێوە وتم :ـ من تێنا...گەم بوشرا بەڕاستی تێناگەم.... تێناگەم کە چاوەکان لەیەک چوون چۆن ئەکرێ دڵەکان پێچەوانەبن؟... من و تۆ کە... ((قسەکەی پێبریم))
بوشرا بەدڵێکی ڕەق ترەوە وتی :ـ هێدی... تکایە بڕۆ... بڕۆ و مەگەڕێوە...
ـ بڕۆم ؟؟
ـ بەڵێ...
ـ بەڵام ئیستا بڕۆم دڵنیابە هەرگیز ناگەڕێمەوە...
بوشرا:ـ مەگەڕێوە. منیش هەر ئەوەم ئەوێ...

بوشرا گەڕایەوە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست..
منیش بە دڵشکاوییەوە ڕۆشتمەوە ناو سەیارەکە.. تاوەکو نیوکاتژمێر لەبەر دەم ماڵی بوشرادا ڕاوەستام. پاش ئەو نیوکاتژمێرە.. سەیارەکەم پێ کرد و لەو ناوە دوور کەوتمەوە

****

لەناو شار چوومە دەرەوە و لە شوێنێک دوور لە مرۆڤ سەیارەکەم وەستاند وە تا وەکو نزیک کاتژمێر دەی شەو لەناو سەیارەکە مامەوە و بیرم ئەکردەوە.

هەر لەو ساتەیا تەلەفوونێکم بۆهات.
موبایلەکەم لەسەر داشبوولّی سەیارەکە دانابوو.دەستم بۆ درێژ کرد و موبایلەکەم گرت بە دەستمەوە.

تەماشا ئەکەم شەماڵ تەلەفۆن ئەکات. لەسەیارە دابەزیم و کەمێک دوور کەوتمەوە. پاشان تەلەفۆنەکەم هەڵگرت
شەماڵ :ـ ئەلوو هێدی...هەواڵێکی خۆش ! شوێنی بارانم دۆزیوەتەوە
ــ بەڕاست ؟ لەکوێیە ؟
ــ ئیستا لەلای منە. باران ئەڵێت ڕازیم قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام بەو مەرجەی تەنیا قسەبکەین...
ـ ئێ ئێ باشە تەنیا قسە ئەکەین...
شەماڵ :ـ باشە ئیستا وەرە بۆ.......
ــ چی بۆچی ئەو شوێنە ؟؟ مەگەر شوێن بڕانە ؟؟
شەماڵ :ـ دە تۆ وەرە... وە لەبیریشی نەکەیت هیچ چەکێک لەگەڵ خۆت نەیەنی چونکە ئێمە ئەمانەوێ تەنیا قسەی لەگەڵ بکەین...
((تەلەفوونەکەی داخستەوە))

بە ڕاکردن چوومە ناو سەیارەکەم.سلفم لێدا و سەیارەکەم هەڵکرد.
هەندربرێکم دادایەوە و دامە گێر...   ((دەنگی تەلەفۆن))
ــ دیسااان.... ئەمەیان کێیە...
((سەیارەکە لەگێڕ کوژایەوە))
موبایلەکەم لە گیرفانم دەرکرد و تەماشای ناوی ئەوکەسەم کرد کە پەیوەندی کردوە...
ــ چی ڕووکاڵ ؟ بۆچی ڕووکاڵ پەیوەندی بەمنەوە ئەکات ؟
تەماشایەکی پێش خۆم کرد و پاشان چاوم خستەوە سەرمۆبایلەکەم.
(((تەلەفوونەکەم هەڵگرت))

ڕووکاڵ بە دەنگێکی نزم وتی :ـ هێدی.... کاک هێدی... کەس گوێی لێمە ؟؟
بەخێرایی وتم:ـ چۆنی ڕووکاڵ باشی ؟؟ ئەوە چی ڕووی داوە بۆچی وەڵامی شەماڵ نادەیتەوە ؟؟... ئێمە زۆر نیگەرانت بووین.وەهەروەها بوشراش نیگە... لێگەرێ ئەوە لەبیرکە کە وتم.ئیس... ((قسەکەم پێبڕی))
ڕووکاڵ :ـ کاک هێدی من...
هێدی: ـ ڕووکاڵ ئیستا کارێکی گرینگم هەیە ئەبێ بڕۆم قسە لەگەڵ باران بکەم. دواتر پەیوەندیت پێوە ئەکەمەوە زۆر ببورە بەڵام شەماڵ و باران ئێستا چاوەڕێی منن...
ڕووکاڵ بەخێرایی و دەنگێکی بەرز وتی :ـ نا.. نەکەی هێدی... ئەوە تەڵەیە...

ـ چی؟ تەڵەی چی؟
ڕووکاڵ :ـ کاکە هێدی شەماڵ تەڵەی بۆتۆ داناوە. هەرگیزنەکەی بڕۆی..
ـــ چی ؟ ئەوە ئاگات لەخۆتە ڕووکاڵ. جوان قسە بکە دەربارەی شەماڵی برام...
ڕووکاڵ:ـ وای ئەگەر دەزانی شەماڵی برات چی کردوە...
ـ چ ؟ ئەوە باسی چییەکەی تۆ ؟
پاشان بەهێواشی وتی :ـ بڵێ بزانم تۆ ئەزانی من بۆچی ئەم ماوەیە لە ژوورەکەی خۆمم و هەر لەگژی گریانم ؟؟.
ـ نا.. بەڵام.... ((قسەکەی پێبڕیم))
ـ ئەو کچە دەروون ناسەکە... شیرین...
ـ ئێ شیرین چیی ؟

ڕووکاڵ:ـ

ئەو ڕۆژەی بوشرا لە نەخۆشخانە کەوتبوو..

من ئیستا زۆر خەمبارم بۆ هاوڕێکەم بوشرا.. چونکە تووشی ڕووداوی هاتوو چۆبووە..

ئێستا ئێمە هەموومان لە نەخۆشخانەین و چاوەڕێی ئەوە ئەکەین بوشرا بەئاگابێت و بڕۆین چاومان پێی بکەوێ. بەڕاستی من ئەمەوێ دڵنیابمەوە کە بوشرا هیچی وای لێ بەسەر نەهاتووە..

بەڵام لێرە لە نەخۆشخانە هەست بە شتێکی سەیرئەکەم.
ئەویش ئەو ئافرەتە((شیرین)) زۆر سەیر دێتە پێش چاو وە بەشێوەیەک سەیرم ئەکات وەک بڵێی ئەیەوێ شتێکم پێبڵێ.دوای ئەوەی کاتێکی گونجاوم بۆ ڕێک کەوت لێی نزیک بوومەوە وتم :ـ فەرموو خاتوون دەتەوێ شتێک بەمن بڵێی ؟؟.
بەبێ ئەوەی سەری بجووڵێنی بەچاوەکانی تەماشایەکی ڕاست و چەپی کرد و دەمێ لە گوێم نزیک کردەوە.پاشان وتی :ـ سەیرکە. هەوڵبدە دەنگ بەرزنەکەیتەوە...
ـ بۆچی ئەبێت دەنگ بەرز بکەمەوە ؟؟.. شیرین :ـ من دەروونناسم..
ـ جا بەمن چی ؟
شیرین بەڕووخسارێکی ماتەوە وتی :ـ گوومانم وایە هاوسەرەکەت((شەماڵ)) پیاوە نەناسراوەکەیە ئەوەی وێنەکانی منی لەلایە...
بەدەنگی بەرز وتم :ـ چییی !؟
شیرین :ـ شششش... شششش.. نەموت ئاگات لەدەنگت بێت ؟...
ـ خاتوون ئاگات لەدەمت بێت ها.. من ڕێگە نادەم بەم جۆرە قسەبکەیت. ئەگەر بمزانیایە ئەم قسە بێ سوودانە ئەکەیت ئەوە هیچ کاتێ هیچ دەرفەتێکم نە ئەقۆستەوە کە گفتوگۆ بکەین.بەڕاستی ئەمەی تۆ ئەیلێی سووکایەتیی کردنە بەهاوسەرەکەم.وەدواتر تۆ....دواتر...((قسەکەم تەواو نەکرد هەستام))

ورده ورده شوێنەکەم جیهێشت. وەگەڕامەوە بۆلای شەماڵ و وان..
لە تەنیشت شەماڵەوە دانیشتم و باوەڕم بە قسەکەی شیرین نەکرد.ئاخر کێ باوەر بەوە ئەکات شەماڵی بێتاوان کارێکی وابکا؟ ...

شەماڵ هەستی کرد کە کەمێک ڕووخسارم تێک چووە، شەماڵ :ـ شتێک بووە ڕووکاڵ؟
ڕووکاڵ :ـوـ نا... نا... هیچ نەبوە. وە هیوادارم... هیچ... لێگەڕێ..
شەماڵ دەستەکانی گرتم و وتی :ـ ئەزانم خەمی هاوڕێکەتە بەڵام تکایە لەبەر من خەم مەخۆ... ڕووکاڵ:ـ ئمم. بەڵێ خەمی بوشرامە...
هەردووکمان لە قسەکردن وەستایین. پاش چەن خولەکێک وتم:ـ شەماڵ. ئەتوانم متمانەت پێبکەم ؟ شەماڵ تێنەگەیشت بەڵام بەبەڵێ سەری لەقاند.
ڕووکاڵ :ـ باشە ئێستا ئەتوانی موبایلەکەتم بدەیتێ ؟؟
شەماڵ :ـ بۆچیتە ؟
ـ تەلەفۆنێکی پێئەکەم ئەوەی خۆم شەحنی نەما کوژاوەتەوە.

دەستی لە گیرفانی ئەدا و بەدوای موبایلەکەی ئەگەڕا
ـ موبایلەکەم لە ناو سەیارەکەم جێهێشتوە لەسەیارەکەشم لە نزیک باخچەکەیە خۆشتەزانی ئێرە و باخچەکە زۆر لێکدوور. ئەگەر ئەتەوێ ئێستا موبایلێکی ترت بۆ پەیدا ئەکەم...
ـ نا. لێگەڕێ.مادام نامەوێ پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە ناکەم....
***

چەن کاتژمێرێک تێپەڕێ بە زیرەکی خۆم توانیم فێڵ لەشەماڵ بکەم پێکەوە لەنەخۆشخانە دەربچین و بڕۆینەوە بۆ لای باخەکە لەوێشەوە بۆ لای سەیارەکان.

سەیارەکەی شەماڵ لەپشت سەیارەکەی هێدی ڕاگیرابوو.
شەماڵ بەمنی وت :ـ تۆ سەیارەکەی من لێ بخوڕە منیش سەیارەکەی هێدی..
دوای ئەوەی چوومە ناو سەیارەکەی شەماڵەوە و دوای کەمێک هەردووکمان سەیارەکانمان هەڵکرد. وە شەماڵ دەستی کرد بە لێخوڕین و لەجامەکەوە سەری دەرکرد بە دەنگی بەرز وتی :ـ لەپشتی من لێبخوورە خێرا نەڕۆی ها...

منیش دەستم کرد بە لێخوڕین تا وەکو هەست بە هیچ نەکات.
دوا بەدوای ئەو ڕێگام ئەبڕی.بەکاتێکی.گونجاوم زانی موبایلەکەی لەناو داشبوڵەکە دەربهێنم و بپشکنم بزانم ئایە ڕەسمە ڕووتەکانی شیرینی تیایە یاخود نا.
بەخێرایی موبایلەکەییم دەرهێنا !
((پاشان چاوم خستەوە سەر ڕێگاکە))...

موبایلەکەم هەڵکرد و چوومە ناو وێنەکان.. ((چاوم خستەوە سەر ڕێگاکە))

بە ناو وێنەکانا گەڕام... بەڵام چیم بنیی...
گومانەکەی شیرین ڕاست بوو شەماڵ هاوڕێ نەناسراوەکەی باران بوو!!...

هێدی :ــ

بە حەپەساوییەوە وتم :ـ هەر بەڕاستی ئێستاش ناتوانم بڕوا بکەم کە شەماڵ ئەوکەسەیە کە یارمەتی بارانی داوە بۆ ئەوەی هەڕەشە لە شیرین بکات.
نانا ئەمە جێی باوەر نیە.. ئەمە خەوە ئەی وانیە ڕووکاڵ ؟

ڕووکاڵ بەگریانەوە وتی :ـ خۆزگە خەو بوایە هێدی خۆزگە...
ـ نازانم نازانم بڵێم چی. .. بەڕاستی من نازانم.... ئەی ئیستا چی ؟ ئایە بە شیرینت وتوە کە وێنەکانی ئیستا سڕاوەتەوە..

ڕووکاڵ :ـ بەڵێ. پێش ئەوەی پەیوەندی بەتۆوە بکەم سەرەتا پەیوەندیم بەوەوە کرد..
ـ نا من ناتوانم ئەوە قەبوڵ بکەم براکەم کەسێکی وایە.. ئێستا من بە چی ڕوویەکەوە بڕۆمە بەردەمی شیرین ؟؟.. ئێمە ئەمان ویست لەدەست هەڕەشەی دووژمنەکەی ڕزگاری بکەین کەچی دووژمنەکەی لە نێو خۆمان دا بوو...
ڕووکاڵ بێدەنگ مەبە شتێک بڵێ.. شتێک وشەیەک با دڵم ئاسوودەبێ. هەرنا بەدرۆبڵێ کەسە نەناسراوەکە شەماڵ نیە. ئێستا من چیبکەم پێیم ناڵێی ؟؟

ڕووکاڵ بەدەنگێکی مامناوەند وتی :ـ من لە شەماڵ جیائەبمەوە و بۆخۆم ئەڕۆم بەلای ژیانی خۆمەوە بشم بوورە نازانم بەتۆ بڵێم کەچی بکەی...

موبایلەکەم خستە سەر داشبوولی سەیارەکە بەبێ ئەوەی تەلەفۆنەکە دابخەمەوە. دوای چەن خولەکێک لە بیرکردنەوە لەو حەشامەتەی لە مێشکم دابوو موبایلەکەم هەڵگرتەوە وبینیتم یەشتا ڕووکاڵ پەیوەندییەکەی دانەخستۆتەوە و بە هێواشی ئەگریەت..
ـ ڕووکاڵ ...بابەتەکە بۆمن هەر شەماڵ نییە، بوشراش لێم جیابوویەوە، ئیستا بەتەواوی لەنیوکێشەدام
ڕووکاڵ :- .....

دوای یەک مانگ

ئیستا کاتژمێر سێی نیوەڕۆیە.
من هەر ئەو شەوەی قسەم لەگەڵ ڕووکاڵ کرد بڕیارم دا ئێرە جێبهێڵم.

ئەمەویٚ دووربکەمەوە زۆر زۆر دوور بڕۆم.هەر بۆیە بڕیارم داوە وڵات جیٚ بهێڵم و بڕۆم بۆ بەریتانیا،
ئێستا نێو کاتژمێری ماوە بەلەمەکان بەڕیٚ کەویٚ. من لەژێر دارێک دانیشتووم و چاوەڕێی کاتی ڕۆشتن ئەکەم. وردە وردە کاتەکە نزیک بوویەوە، هەمووان سواری ئەو بەلەمەکان بوون. وە منیش چوومە ناو ئەو بەلەمەوە کە دیاری کرابوو بۆم.
پاشان بەلەمەکان دەستیان کرد بە ڕۆشتن و کەمێک لە وشکانی دوور کەوتنەوە.

بە چاوێکی پڕ فرمێشکەوە تەماشای دیمەنی دوور کەوتنەوە لە وشکانیم ئەکرد و بیرم لە بوشرا ئەکردەوە، لەناخی دڵیشمەوە هیوام ئەخوارد کە شیرین ئەو نامەیەی پێمدابوو بیگەیەنێت بەدەستی بوشرا...

کەمێکی تر بەلەمەکە دوورکەوتەوە ئەو قسانەم بیرهاتەوە کە لەنێو کۆمەڵگایا بیستبووم پاشان لە دڵ خۆما وتم:ـ هەندێک جار هەندێک قسە ئەبیستم کە دوای بیستنیان حەزەکەم واز لە قسەکردن بهێنم بۆ هەتا هەتایە.ئەی هاوار بۆخوا لە دەست نەزانی ئەو خەڵکە ، هەرکەس دانیشێت بە نەزانی ئەو خەڵکە پێبکەنی ئەوا هەتا ئەو ڕۆژەی ئەکەنە نێو گۆڕ هەر پێئەکەنیٚ، پاشان خەیاڵی بوشرا دوبارە مێشکمی داگیرکردەوە و وردە وردە وشکانی لە چاوەکانم ون ئەبوو تا وەکو بەلەمەکە تەواو تەواو دوور کەوتەوە و هیچ وشکانییەک دیار نەما....

بوشرا:ـ

کاتی مەغریب بوو زەنگی دەرگا لێی دا...

منیش دەستەکانم تەڕبوو بە پەڕۆیەک سڕیمەوەو بەپەلە ڕۆشتم دەرگاکەم کردەوە
ـ شیرین !
شیرین بە ڕووخسارێکی ماتەوە وتی :ـ بوشرا.. ئەوە منم هاتووم. ئەکرێ کەمێک لات دانیشم؟
پێکەنینێکی وشکم هێنایە سەر ڕووخسارم و وتم :ـ بەڵێ بۆنا.. فەرموو.

شیرین لەپێشمەوە ڕۆشتە ژوورەوە تاوەکو لەژووری میوان هەردووکمان دانیشتین، پاشان دەستی کردە ناو جامتاکەی و پارچەوەرەقەیەکی دەرهێنا..
ـ ئەوە چییە ؟
شیرین :ـ ئەوە هێدی بۆی نووسیوی. وتی دوای ئەوەی وڵاتم بە جێهێشت ئەمەوێ ئەم نامەیەم بگاتە دەستی بوشرا. بەداخەوە ئەم ئێوارەیە ئەو ڕۆشت و ئێرەی جێهێشت...
ـــ لای بەمن ئەوم لەبیرکردنەوە...   شیرین :ـ بوشرا تکایە لەبەرمن نامەکەی بخوێنەرەوە ((نامەکەی دایە دەستم))
منیش بەهێواشی نامەکەم هەڵپچڕی و پارچە وەرەقەیەکم تیا دەرهێنا...

بەچاوەکانم وردە وردە نامەکەم ئەخوێندەوە...
نامە نووسراوەکە :ـ **خۆشەویستی هیچ کات نامرێ. بەڵام لەوانەیە هەندێجار وەک مۆمێکی تازە کووژاوە بۆ کەمێک بکووژێتەوە.. بەڵام هەرکە دووکەڵی مۆمەکە بۆنی ئاگری کردەوە ئەوە دووبارە دا ئەگرسێتەوە...**
هەموو نامەکەم خوێندەوە و دەستم کرد بە گریان.شیرینیش خێرا باوەشی پیاکردم...

چارەگێک گریام تا هێورد بوومەوە پاشان دادە شیرین تەمەشای چاوەکانمی کرد و وتی :ـ من سەیرم لێدێ ئاخر تۆ بۆچی واتکرد بۆچی ئەوت نەویست؟ کاکە هێدی کەسێکی باش و خوێن شیرین بوو وە ئەوەندە قسەخۆش بوو قسەیەکی ئاسایشی بکردبا هەمووانی دڵخۆش ئەکرد، ڕێک وەکو دوو هاوڕێ کە ئەچنە ناو پاسەوە هەر قسەیەک لەگەڵ یەکدا بکەن ئەو قسەیە ئەبێتە قسەیەکی پێکەنیناویی.
کەمێک لەقسەکردن وەستا پاشان وتی ـ خۆشت ئەویست ؟؟
سەیری نامە نوسراوەکەم کرد و کردمە گیرفانی جلەکەممەوە پاشان بەهێواشی وتم :ـ جا چا بەچێژ نەبێ چێ چڵی بۆ ئەکا پارچە؟ چما چاڵێک بە چنگی چاو چاڵ کرابێ چێ لێی دەرەچێ؟ کە چاوی چرایە چۆن مەچەک وچەناگەی بۆ لێکنادەم ؟
بۆ ساتێک هیچی نەوت پاشان وتی :ـ ئەی بۆچی جێت هێشت؟

بۆساتێک بێدەنگ بووم پاشان وتم :ـ باران...
شیرین :ـ چی ؟؟ بارانت خۆشئەوێ بۆیە ڕەتت کردەوە ؟؟
ـ نا بەخوا نا... من ئەوم خۆشناوێ...
شیرین:ـ ئەی ؟
ـ باران هەڕەشەی لێکردم بەوەی ئەگەر من هاوسەرگیری لەگەڵ هێدی بکەم باران هێدی ئەکووژێت... هەڕەشەی لێکردم بەخوا.. زۆر شتی وت. زۆر منی ترساند... منیش لەدڵی خۆما وتم با هێدی تووشی ئەم کێشەیە نەکەم هەر بۆیە بە هێدیم وت کە خۆشم ناوێت بۆ ئەوەی بیپارێزم دەنا من ئەوم خۆشەویست...
((قسەکانم تەواوکرد و دەستم کرد بەگریان))
شیرین ئەوەندە شۆک بوو بووهەردوو دەستی نابوو بەدەمیەوە وتی :ـ وااییی توخوا... بەڕاستی باران ئەوەشی کرد؟؟ وای چەن کەسێکی خراپە...
هەناسەم هەڵمژی و ویستم قسەبکەم. بەڵام دەنگێک لە نزیک دەرگای ئەو ژوورەوە هات کە ئێمەی تیا دانیشتبووین

دەنگەکە بەنزمی وتی :ـ بوشرا.... بوشرا....
پاشان کەسێک لە دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە مەترێک لەدەرگاکە دوور کەوتەوە یانی مەترێک لە ئێمە نزیک بوویەوە. .
((ئەو کەسە هێدی بوو!!!))

لەخۆشییا فیزاحم کرد و دەستم بەدەمەوە گرت. ئەوەندە دڵم خۆش بوو نەم ئەزانێ چیبکەم و چی نەکەم. لەناخی دڵمەوە ئاواتم ئەخواست هێدی گوێی لەهەموو قسەکانمان بوبێت، پاشان هەڵسامە سەرپێ و بەهێواشی وردە وردە لێی نزیک ئەبوومەوە.. ئەوەندە دڵم خۆش بوو ئەترسام ئەگەر ڕاکەم لەخۆشییا بەرببمەوە
شیرین :ـ بوشرا !...

نزیک تر بوومەوە.پێش ئەوەی هیچ شتێک بڵێم هێدی بەزەردەخەنەیەکی جوان و ئارامەوە وتی :ـ گوێم لە هەمووشتێک بوو. بابەتی باران و هەڕەشە و هەمووشتێک
شیرین :ـ بوشرا !....
هێدی:ـ هیچ نیگەران مەبە...من خۆم و تۆش ئەپارێزم...
ـ بەڕاست ؟ هێدی بەڕاست وائەکەیت ؟ من لەم خەم و ئازارە ڕزگار ئەکەیت؟ توانای ئەوەت هەیە ئەم هەموو کێشەیە چارەسەر بکەیت ؟
هێدی:ـ ڕۆژانە وەکو من نازانم چی دەرگایەک بەو جۆرە خۆی ئەناسێ، تۆ کێی کە من ببم بە مرۆڤێکی تر جگە لەوەی ئێستا من وەک خۆم بوبوم
ـ چیی ؟؟

شیرین لێم نزیک بوویەوە دەستی خستە سەر شانم...
بەخێرایی ئاوڕم دایەوە شیرین وتی :ـ بوشرا هیچ هێدییەک لەوێ بوونی نیە.. تۆ بۆچی وائەکەیت پێم ناڵێی ؟؟

ڕووم وەرگێرایەوە بینیم هێدی لێنەمابوو.ڕاستەوخۆ بەهاوارەوە وتم:ـ هێدی ؟؟ هێدی لەکوێی ؟؟..

((شیرین دەستەکانی گرتم))

ـ بەرم بدە کوا هێدی.. ئیستا هێدی لێرەبوو بۆکوێ ڕۆشت ؟؟

شیرین بە ترسەوە سەیری کردم و گوتی

ـ نااااا.....تۆ توشی نەخۆشی سکیزۆفرینیا[1](Schizophrenia) بووی....

دوای ئەوەی وای وت ڕاستەوخۆ لەترسی قسەکەی بوورامەوە و هۆشی خۆم لە دەست دا..

****

سکیزۆفرینیا[1](Schizophrenia) : نەخۆشییەکی درێژخایەنی مێشکە کە بیرکردنەوە، هەستکردن، و ڕەفتاری مرۆڤ تێکدەدات. نەخۆشەکە جیاوازی لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا نابینێت، خەیاڵ تێکەڵی ڕاستی ئەکات